گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/h1ma4v50

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵ و هەڵوێستی کەمال فوئاد لە خولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستاندا (١٩٩٢- ٢٠٠٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە

**امانج محمدامین عبدالله[١] - پ. ی. د. دارا تۆفیق کاکەامین[٢]**

[2+1]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Amanj.Mohammedamin@uor.edu.krd daratofiyq@uor.edu.krd

**پوختە**

توێژینەوە لەبارەی کەسایەتییە ڕۆشنبیر و سیاسییەکان بەشێکی گرنگ و بایەخدارە لە توێژینەوە مێژوییەکان، ئەگەرچی ئاسان نییە، بەتایبەت ئەگەر کاریگەری و جێ پەنجەی ئەو کەسایەتییە، بە ڕونی لەسەر ڕەوتی ژیان دیاربێت و هەڵوێستی بەرز و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبێت و ڕۆڵێکی کاریگەر لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەکەی بینیبێت، چونکە چالاکی و کاریگەرییەکانی دەتوانێت پەیوەندییەکی باش و بەهێز لەگەڵ دەوروبەر دروست بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی نەتەوەکەی و یەکێك دەبێت لەبەدەستهێنانی ئامانجەکانی. یەکێك لەو کەسایەتیانەی کورد (کەمال فوئاد)ە، کە کەسێکی خاوەن هەستی نیشتمانی و ڕوناکبیرێکی بە هەڵوێست، سیاسەتمەدارێکی بە بیروبڕوای بەرانبەر بە دۆزی کورد نەگۆڕ بوە ، زمانزان و نوسەرێکی خاوەن قەڵەم بوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە کەمال فوئاد لە خولی گواستنەوەدا وەك سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕۆڵی گرنگی بەسەر کۆمەڵێك یاسا و بڕیاری گرنگدا هەبوە، لەو بڕیارانەی کە لەو سەردەمدا دەرچون و ڕۆڵی دیاری لە نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان و دەرکردنی بڕیاری فیدراڵییەت بۆ دەستوری عێراق و بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان بون.

گریمانە و پرسیارەکانی توێژنەوەکە بۆ خستنەڕوی ڕۆڵی کەمال فوئاد لە پەرلەمانی کوردستان تەرخانکراوە دەبنە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، لە ناوەرۆکدا ڕۆڵە جیاوازەکانی لەبارەی کاری پەرلەمانتاری خراوەتەڕو، جگەلەوەی دیدگای کەمال فوئاد لەبارەی ژیان و گوزەرانی خەڵك شیکراوەتەوە، هەروەها جێپەنجەی کەمال فوئاد لە ڕوی زمانەوانی و ئەکادیمی لەسەر یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان لەگەڵ هەڵوێست و دیدی لە بەرانبەر شەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئاشتی بەدیدەکرێت، پاشان دیدی خۆی لەسەر حکومەتی عێراق و پەیوەندییەکانی کوردی لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق خراوەتەڕو.

لەم توێژینەوەیەدا، سەرەڕای میتۆدی وەسفی و گێڕانەوە، هەوڵدراوە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕوداو و هەڵوێستەکان لە ڕێگەی گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە خوێندنەوەیەکی گشتگیریان بۆ بکرێت، کە دنیابینی ئەو بۆ کاری پەرلەمانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بڕیارو گفتوگۆکان دەبنە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**کلیلە وشەکان**: پەرلەمان، حکومەت، خول، شەڕی ناوخۆ، ئەکادیمی

# Kamal Fuad's Role and Stance in the Kurdistan Parliament During its First and Transitional Cabinet (1992 - 2005) A Historical Study

**[1]Amanj Mohammedamin Abdullah** **[2] Dara Tawfeeq Kaka Amin**

[1&2]Department of History, College of Humanities,University of Raparin,Ranya,Kurdistan reagion,Iraq

## Abstract:

Researching intellectual and political figures is crucial for historical research. However, it can be challenging, especially if they have had a significant impact on their lives and played a significant role in their nation's liberation movement. Their activities and influences can foster positive relationships with their surroundings, leading to higher levels of success.

Kamal Fouad, a Kurdish thinker, politician, linguist, and writer, is a patriotic figure with a positive attitude. The significance of this research stems from the fact that Kamal Fouad played an important role in a number of important laws and decisions during his tenure as Speaker of Parliament and Deputy Speaker of Parliament, including the drafting of the Kurdistan Region's constitution, the issuance of a federal decree for the Iraqi constitution, and the recognition of Anfal crimes and the chemical bombing of the Kurdish people as genocide.

The research aims to present Kamal Fouad's role in the Kurdistan parliament and analyze his views on people's lives and livelihoods. It also examines his linguistic and academic fingerprints on the parliament's laws and decisions.

In addition to descriptive and narrative methods, this study aims to objectively investigate events and attitudes through legislative discussions, which will yield significant results.

**Keywords**: (Parliament, Government, Session, Civil War, Academic).

## پێشەکی

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەرفەتێکی گرنگی مێژوویی بۆ گەلی کورد هاتە پێشەوە، یەکێك لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بو، بەیەکەمین کاری دیموکراسی خۆرێبەری کوردی دادەنرێت، لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یەکێك لەبەربژێرەکانی پەرلەمان (کەمال فوئاد)ە لەو خولەدا سەرۆکایەتی فراکسیۆنی سەوز کردوە، لەخولی گواستنەوە بۆماوەیەك سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوە.

گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و هەڵوێستی کەسایەتییەکی سیاسی و ڕوناکبیر کە بۆ ماوەیەك لەخولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستاندا کاریگەری هەبوە، کە لەبنەڕەتدا سەردەمەکەی قۆناغێکی پڕ لە کێشە و ململانێی کۆمەڵگەی کوردی بوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ئەم بابەتە گرنگی خۆی دەخاتەڕو، کە تیایدا کەمال فوئاد وەك کەسایەتییەکی سیاسی و ڕوناکبیری خاوەن ئەزمون لەو ماوەیەی لەپەرلەمان کاری کردوە لەخەمی دۆزی ڕەوای گەلەکەی دابوە، پاڵپشتی لە چەندین یاسا و بڕیاری گرنگ کردوە کە لە خزمەتی گەلی کورد دا بوە. بۆیە پەرلەمانی کوردستان بۆکەمال فوئاد ئەزمونێکی گرنگی سیاسی و پەرلەمانی و کاری یاسایی بوە، بە حوکمی ئەزمونی کاری سیاسی و مەدەنی لە دەرەوەی وڵات شارەزایی کاری پەرلەمانی بوە، ئەمەش وایکردوە ڕۆڵی باڵا بگێڕێت لە نوسینەوەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا کە بەقازانجی نەتەوەیی بشکێنەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕوی زمانەوانییەوە دەستەواژەی جوان و کاریگەر و شایستە بۆ یاسا و بڕیارەکان پێشکەش کردوە.

**ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە:** بریتییە لە شیکردنەوەی هەڵوێست و ڕۆڵی کەمال فوئاد لە پەرلەمانی کوردستان و خستنەڕوی کار و چالاکییەکانی کە ئامانج لێی زیاتر خزمەتکردن و بەرەو پێشەوەبردنی گەلەکەی بوە، ئەگەر ورد لە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان لە خولی یەکەم و خولی گواستنەوە بڕوانین، وەك کەسایەتییەکی نەتەوەیی جیاواز لەوانی تر لە دەرەوەی حیزبایەتی بیری کردۆتەوە.

**کێشە و گرفتەکانی توێژینەوەکە:** کێشە و گرفتەکانی ئەو توێژینەوەی بریتییە لە نەبونی سەرچاوەی زیاتر لە دەرەوەی پرتۆکۆڵەکانی پەرلەمان و چاوپێکەتن و وتارەکانی بەردەست.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە بەناونیشانی (ڕۆڵ و هەڵوێستی کەمال فوئاد لە خولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستاندا ١٩٩٢- ٢٠٠٥) لەو ڕوانگەیەوە دێت ئەو ماوەیە کە یەکەمین ئەزمونی کاری پەرلەمانییە هاوکات سەردەمێکی گرنگ و پڕ گۆڕانکاری و ململانێی سیاسی و چەکدارییە لە باشوری کوردستان، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان هەبوە لەهەمان کاتدا مێژوی ئەو کەسایەتییە بە فەرامۆشکراوی ماوەتەوە و هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لە بارەوە ئەنجام نەدراوە، لە پێناو ئاوڕدانەوە لەمێژوی سیاسی و ڕوناکبیری ناوبراو ئەو بابەتە بۆتە هۆکاری دەستنیشانکردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە.

پرسیاری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر ئەو پرسیارە کردوە، ئایا ڕۆڵ و هەڵوێستی پەرلەمانتار کەمال فوئاد لە خولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان لەمەڕ کارەکانی پەڕلەمان و ڕەوشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی چۆن بوە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای میتۆدی وەسفی و گێڕانەوە، هەوڵدراوە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕوداو و هەڵوێستەکانی لە ڕێگەی کۆنوس و گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە خوێندنەوەیەکی گشتگیر و پێویستیان بۆ بکرێ، دید و بۆچونی خۆمان خستۆتەسەر.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پوختە، پێشەکی، دەروازە و لە شەش تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، تەوەری یەکەم پێگەی کەمال فوئاد لەخولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەمان خراوەتەڕو، تەوەری دوەم ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی تایبەت بە دامەزراوەی پەرلەمان و حکومەت تیشکی خراوەتە سەر، تەوەری سێیەم هەڵوێستی بۆ ڕەوشی گشتی ژیان باس کراوە، تەوەری چوارەم هەڵوێستەکانی لە بواری ئەکادیمی و زمانەوانی لەخۆگرتوە، تەوەری پێنجەمی هەڵوێستی بەرانبەر بەشەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئاشتی هاتۆتە بەرباس، تەوەری شەشەم و کۆتایش بۆ پرسی هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە حکومەت عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی خراوەتەڕو. لەکۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی دروست خراوەتەڕو.

**خستنەڕوی سەرچاوەکان:** بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستراوە، لەوانە: کۆنوس و پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان، زۆرینەوەی ئەوتوێژینەوەیە پشتی بە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان بەستوە، هەمو ئەو دانیشتنانە دەگرێتەوە کە کەمال فوئاد لە پەرلەمانی کوردستان تێیدا بەشداربوە، وەك سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لەخولی یەکەم و وەك سەرۆك و جێگری پەرلەمان لە خولی گواستنەوە سەرنجی خۆی خستۆتەڕو، گرنگی ئەو پرۆتۆکۆڵانە لەوەدایە کە سەرنجی دیدی کەمال فوئادیان خستۆتەڕو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام ڕەئوف کەسایەتی نزیکی کەمال فوئاد و زۆرترین نهێنی لەلای ئەو هەیە، هەروەها ئەو کەسایەتیانەی لە هاوڕێ و کەسی نزیکی بونە و کاریان لەگەڵدا کردوە لە نمونەی: سەلاح ڕەشید و عادل موراد، هاوڕێی سەردەمی خوێندن و سەرەتای سیاسەتی عوسمان عەلی مام شێخە؛ هەروەها چەند کتێب و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤارێك لەوانە: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، کەمال فوئاد پیاوێك لەیاقوت، ئەو کتێبە تایبەت بە کەمال فوئادە، تیایدا زۆر لایەنی ژیانی ڕونکراوەتەوە لەلایەن کۆمەڵێك کەسایەتی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و سیاسییەوە وتاریان لە بارەی کەمال فوئاد نوسیوە، زۆر لایەنی ونمان بۆ ڕوندەکەنەوە؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد و کوردستانی نوێ (ئامادەکردن)، کەمال، ئەو کتێبە بەشێکی نوسین و چاوپێکەوتنی چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیری لەبارەی کەمال فوئاد لە خۆگرتوە، لەگەڵ سەرچاوەی دیکەی نوسراو کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

## دەروازە: ژیانی کەمال فوئاد

ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە دەستەیەکی نوێ لە دەستەبژێری سیاسی ڕاستەوخۆ دوای جەنگی دوەمی جیهانی بێنە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە، وەك دوەم دەستەی پێشەنگی بزوتنەوەی کوردایەتی کە لە ساڵانی جەنگی دوەمی جیهانی تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەگرێتەوە، کەمال فوئاد بەیەکێك لەوانە دانراوە، هەروەها دوای سەرکەوتنی سوپای سوری سۆڤیەتی بەسەر نازیەکاندا، بزوتنەوەی چەپگەرایی لە کوردستان و عێراقدا گەشەیەکی فراوانی کردبو، یەکێك لەو کەسایەتییە سیاسی و ڕوناکبیر و خوێندەوارانەی کە لە قۆناغی دوەم دەرکەوتوە کەمال فوئادە(عبداللە، ٢٠١٦، ١٢).

کەمال فوئاد ناوی کەمال عەبدولکەریم بەگی کوڕی موحەمەد فوئاد بەگی کوڕی قادر پاشای کوڕی سلیمان پاشای قەواسە ، لە ٤/٩/ ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی دێرینی شاری سلێمانی لە دایکبوە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٧؛ ئەحمەد، ٢٠١٣،

٥)، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە خاوەنی پێگە و بەرپرسیارییەتی بون، لەو کاتەوە بەردەوام خزمەتی گەلی کوردیان کردوە(ئەسەسەردو ئەوانیتر، ۲۰۲۱، ۱۹٥٦).

باوکی کەمال فوئاد، (کەریم بەگ) فەرمانبەری دادگا بوە، پیاوێکی بە دەست و قام بوە، ساڵێك دوای لە دایکبونی کەمال فوئاد گواستراوەتەوە بۆ هەولێر، چەند ساڵێك لە دادگا باشکاتبی کردوە، دوای ئەوەی پلەکەی لەساڵی ۱۹۳٦ بەرزبۆتەوە و بوە بە بەڕێوەبەری ناحیە و لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەو بەرپرسیاریەتییەی لە ئەستۆگرتوە، لەبەر ئەوە لە ماوەی ۱۰ ساڵدا بۆ چەندین شوێن ماڵەکەی گواستۆتەوە، بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ۱۹۳٦ دەچێتە ناحیەی (باتاس) لە پارێزگای هەولێر، لە ساڵی ۱۹۳۸ بۆ (قادر کەرەم)، دوای ئەوێش ساڵی ۱۹٤۱ بۆ (بازیان)، لەوێشەوە ساڵی ۱۹٤۲ بۆ (بەرزنجە)، لە ساڵی ۱۹٤٤ بۆ (خورماڵ)، لە ساڵی ۱۹٤٥ بۆ (وارماوە)، لەو ماوەیەدا کەمال فوئاد لەگەڵ باوکی و خانەوادەکەی لە تەواوی ئەو شوێنانە ژیاوە کە باوکی وەك بەڕێوەبەری ناحیە کاری تێداکردون، پاشان لەساڵی ۱۹٤٥ لە باوکی دادەبڕێت و بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە(ئەحمەد، ۲۰۱٥، ۲۷-۲۸).

هەروەك کەمال فوئاد باس لە سەردەمی منداڵی خۆی دەکات، کاتێك ماڵیان لە بەرزنجە دەبێت، ئەو لە ساڵانی (۱۹۳٤-۱۹٤٤) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندویەتی، لەوکاتەوە کەوتوە ژێر کاریگەری هەستی کوردایەتی و هۆنراوەی نیشتمانی لەبەر کردوە، لە نمونەی هەردو هۆنراوەی موحەمەد ڕەسول هاوار(۱۹۲۳- ۲۰۰٦) بە ناوەکانی (کوردستان جێگای بەچکە شێرانە) و (ئێمە نەتەوەی مەردین)، کە بەلایەوە خۆش بون، چونکە کاریگەری هەستی کوردایەتی بەسەریدا زاڵ بوە، هەروەها یەکێکیتر لە کاریگەرییەکانی سەری، لە منداڵییەوە هاتوچۆ و سەردانی کەسانی نیشتمانپەروەری ناو حیزبی هیوا بوە بۆ ماڵیان لە نمونەی ڕەفیق حیلمی (۱۸۹۸- ۱۹٦۰) سەرۆکی ئەو حیزبە، هەروەها بونی مامۆستایەکی سەر بە حیزبی هیوا بەناوی حەمەرەشیدی مەلا عەلی لە قوتابخانە کە باسی کوردایەتی بۆ کردون(هاوار، ۲۰۰۷، ۱۰).

لەڕوی ئابورییەوە لەبەر ئەوەی بارودۆخی داراییان باش بوە، بۆیە کەمال فوئاد لە خێزانێکی خۆشگوزەران گەورە بوە، باوکیشی بەهۆی باشی بارودۆخی دارایی ویستویەتی منداڵەکانی لە ژیانێکی باشدا گەورەبن، ئەمە وادەکات بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە چوارچێوەیەکی کلاسیکدا نەمێننەوە و بە پەروەردەیەکی سەردەمیانە پەروەردەبن بۆ باخچەی ساوایانی ناردوە(ئەحمەد، ۲۰۱٦، ۱٦)، هەروەها کەمال فوئاد کاتێك باس لە گواستنەوەی خوێندنی خۆی دەکات و دەڵێت: " هەمو ساڵەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیم لە ئامادەیی ئێستای سلێمانی کوڕان بوە، تەنها بۆ ساڵێك بۆ خوێندن چۆتە هەڵەبجە."(محمود،۲۰۰۳، ۱٤)، تا ئەوکاتەی لە ساڵی ۱۹٥۲ لە بەشی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت (مامەشێخ، گەلی کوردستان، ۲۰۱٥/۱۱/۱٥)، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی و بەشداری لە خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی بەغداد دەستگیرکراوە و ناتوانێت قۆناغی یەك تەواو بکات، دواتر بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن ڕو لە دەرەوەی وڵات کردوە و لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەگیرسێتەوە، دوای مانەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیا، کەمال فوئاد باس لە گۆڕینی ڕەوتی ژیانی خۆی کردوە،کە لەساڵی ۱۹٥۸ لە زانکۆی تەکنەلۆژیا لەبەرلین وەرگیراوە، دوای دوساڵ مانەوە لەو بەشە دواتر بڕیاریداوە کە ڕەوتی خوێندن بگوازێتەوە لە ئەندازیارییەوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی، بەوجۆرە ڕەوتی خوێندنی گۆڕاوە، بەتایبەتی کە لەگەڵ چالاکییە سیاسییەکانی دەگونجا، ئەوە بو بە پێنج ساڵ ماستەر تەواو دەکات و دکتۆراش بە چوار ساڵ." (محمود، ۲۰۰۳، ۱۹)، پاشان لەساڵی ۱۹۷۱ گەڕاوەتەوە زانکۆی سلێمانی و بەشی دیراساتی کوردی کردۆتەوە،

له ساڵی ١٩٧٤ له دوای بۆردومانی زانکۆی سلێمانی له قەڵادزێ، جارێکی تر له ساڵی ١٩٧٥ له ڕێگای ئێرانەوە بۆ ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە (ڕەشیدو موراد، گەلی کوردستان،٢٠١٥/١١/١٥).

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و دامەزراندنی یەکێتی لەساڵی ١٩٧٥، وەك دەستەی دامەزرێنەر پێداچونەوە بە بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو حیزبە دەکات و دەکەوێتە کارکردن بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری حیزبی لە ئەوروپا (مستەفا، ١٩٩٧، ٤٣)، لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێت و هەر لەو ساڵەشدا دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پاشان چەندین بەرپرسیارەتی حکومی و حیزبی پێدەسپێردرێت، تا کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەی لەساڵی ٢٠١٠ خۆی بۆ هیچ بەرپرسیاریەتییەك هەڵنابژێرێتەوە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦٨-٢٦٩)، دوای ئەوەی لە کاری حیزبی دور دەکەوێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا دوای چەند ساڵێك لە نەخۆش کەوتنی، لە ڕۆژی ١٥/ ١١/ ٢٠١٤ لە شاری بەرلین کۆچی دوای کردوەو لە ڕۆژی ١/ ١٢/ ٢٠١٤ لە گۆڕستانی پارکفریدهۆف نویکۆڵن (بوکۆڤەر دامم ١٤٨/ ١٢٣٤٩ بەرلین) لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبونی خانەوادەکەی بە خاك سپێردراوە (عوسمان، ٢٠١٦، ٦٣).

**باسی یەکەم: پێگەی کەمال فوئاد لە خولی یەکەم و گواستنەوەی پەرلەماندا**

هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنێك یان پاڵێوراوێك یان چەند پاڵێوراوێك کە دەنگدەر بۆ ئەنجومەنی نوێنەران یان سەرۆکایەتی وڵات یان پارێزگاکان هەڵدەبژێرێت، هەروەها سیستمی هەڵبژاردن بە ئەنجامی دەنگی دەنگدەر دیاری دەکرێت، کە دەنگی دروستی هەڵبژاردن دەکرێت بە کورسی پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی وڵات(جەمال و موحەمەد، ٢٠١٤، ١٠)، جیهان چەندین سیستمی جۆراوجۆری هەڵبژاردنی لەخۆگرتوە، کە بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکان ئەنجام دەدرێن، لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسی و مێژویی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریش لەو لاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لەوەیە ئەو جۆرە سیستمی هەڵبژاردنە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێت، چونکە بەردەوام کۆمەڵگەکان لەگۆڕاندان (جەمال و موحەمەد، ٢٠١٤، ١٢-١٣)، (بەنمونە لە باشوری کوردستاندا لە (١٩٩٢- ٢٠٢٤) چەند جۆرێك لەسیستمی هەڵبژاردن گۆڕاون، لە لیستی داخراوەوە بۆ نیمچە کراوە، لەیەك بازنەییەوە بۆ فرەبازنەیی.

گەلی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ چوە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردرا، دواتر لە ڕێکەوتی ٤/ ٦/ ١٩٩٢دا بە ئامادەبونی بەشێکی زۆر لە سەرکردە سیاسییەکان و کەسایەتییە جیاوازەکان کوردستان و دەرەوە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێم لە باڵەخانەی پەرلەماندا یەکەمین دانیشتنی دەستپێکی خۆی بەستوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی، ١٩٩٧، ٥).

دوای ئەو دانیشتنە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین پەرلەمانتار بەناوی (حەسەن کانەبی خضر) بەپێی مادەی (٤٧) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە ئامادە بونی هەر ١٠٥ ئەندامەکە و مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کاتژمێر (٣٠، ١٠)ی بەیانی بەڕێوەچو، دوای خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنەکە و دڵنیابون لە ڕێژەی یاسایی ئەندامان پاشان سەرۆکی پەرلەمان ئەو سوێندە یاسایەی خواردوە کە لە مادەی (٤٧) یاساکەدا هاتوە و دەڵێت: "بەخوای گەورە سوێند دەخۆم، پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندیە باڵاکانی بکەم"، دواتر ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی پیتی ئەبجەدی ئەو سوێندەیان خواردوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دانیشتنی دەستپێك، ٤/ ٦/ ١٩٩٢، ٩)، کەمال عەبدولکەریم موحەمەد فوئاد وەك یەکێك لە ئەندامانی

ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق لە لیستی (سەوز- یەكێتی) پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردوە و بوە بەئەندامی پەرلەمان (ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، دانیشتنی دەستپێك، ٤/ ٦/ ١٩٩٢، ١٢).

لەیەكەم خولی پەرلەمان هەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی كارێكی گرانبوە، لەبەرئەوەی یەكەمین ئەزمونی پەرلەمانی خۆبەڕێوەبەری كوردی بوە، لەم ئەزمونەدا كەمال فوئاد لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٦ سەرۆكی لیستی سەوز لە پەرلەمانی كوردستان بوە، كە یەكێك بو لە دو فراكسیۆنە گەورەكەی پەرلەمانی كوردستان (جەوهەر،٢٠١٦، ٤٠).

وەك ئەندام و سەرۆكی لیستی سەوز لەپەرلەمان درێژە بەكاری پەرلەمانتاری دەدات تا كۆبونەوەكانی پەرلەمان بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆوە وەستاون، بەڵام لە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ كاتێك لە ڕۆژی ٤/ ١٠/ ٢٠٠٢ یەكەمین دانیشتنی هاوبەشی پەرلەمانی كوردستان دەستپێكردوە و بەخولی گواستنەوە ناوبراوە وەك درێژكراوەی خولی یەكەمی پەرلەمان ئاماژەی بۆ كراوە، بە هاوبەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان لە نێوان یەكێتی و پارتی بەڕێوەچوە، لەم ماوەیەدا لە پارتی (ڕۆژ نوری شاوەیس) و لەیەكێتی (كەمال فوئاد) بەشێوەی سێ مانگ بۆ پارتی و دومانگیش بۆ یەكێتی سەرۆكایەتی پەرلەمانیان كردوە (سایتی فەرمی پەرلەمانی كوردستان، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥؛ ڕەئوف(چاوپێكەوتن) ، ١٩/ ٣/ ٢٠٢٥).

دواتر كەمال فوئاد لە ڕێكەوتی ٨/ ١٠/ ٢٠٠٢ سەرۆكایەتی دانیشتنی (٢)ی خولی گواستنەوەی پەرلەمانی كوردستانی كردوە، كە تیایدا هەریەكە لە مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان و جەلال تاڵەبانی سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەشداری كۆبونەوەكە بون، لەو دانیشتنەدا كەمال فوئاد بەناوی خوا و گەلی كوردستان سوپاسی هەردو سەرۆك حیزبی دەسەڵاتدار و حیزب و لایەنە سیاسیەكان دەستپێكردوە، سەرەڕای ئەوەی بەوردی لەسەر چەند تەوەرێك وەستاوە، لەوانە باسی هەوڵی كۆمیتەی ئاشتەوای كوردستان (MCC) و مەسەلەی نوسینەوەی دەستور و هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و یەكگرتنەوەی هەردو حكومەتی هەرێمی كوردستانی كردوە، پاشان باسی ڕۆڵی پەرلەمانی كوردستانی لە دەركردنی یاسا و بڕیارەكانی ساڵانی نەوەدەكان كردوە، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە ئەگەر یاسا و بڕیارەكانی پەرلەمان جێبەجێكرابانەیە ئەوە میللەتی كورد توشی ئەو كارەساتانە نەدەبو، دواتر پەنجە ئاڕاستەی دوژمنانی گەلەكەمانی كردوە، كە بونەتە سەرچاوەی پشێوی و نائارامی و تێكدانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان ئەوە بە هۆكاری ڕێگری لە سەركەوتنی گەلی كورد داناوە (ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، خ گواستنەوە،د.ژ (٢) ، ٢٠٠٢/١٠/٨، ل٣٦-٣٧).

كەمال فوئاد خولی سەرۆكایەتییەكەی لە دانیشتنی (١٢) هەم لە ڕێكەوتی ١٥/ ١/ ٢٠٠٣ دەستپێدەكات و بۆ ماوەی دومانگ بەشێوەی خولی بەردەوام بوە، لەو دانیشتنانەدا كەمال فوئاد سەرپەرشتی و ئیدارەدانی دانیشتنەكانی پەرلەمانی كردوە، لە دو مانگی ئەو خولەی سەرۆكایەتیدا (٩) دانیشتنی ئەنجامداوە، لە یەكەم دانیشتنیدا وەك سەرۆك ئاماژە بەوە دەدات كە خولی گواستنەوە بۆ ئەوەیە زەمینەسازیی بۆ هەڵبژاردنێكی گشتی بكرێت، هەروەها سوپاسی وڵاتانی دراوسێی كردوە لە بەرانبەر هاوكارییەكانیان بۆ گەلی كورد كە بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنیانەی حیزبی بەعس توشی ئاوارەیی و كۆڕەوەكەی ساڵی ١٩٩١ی كردبون، لە هەمان كاتدا نیگەرانی توندی پەرلەمانی سەبارەت بە دەست تێوەردانە سەربازییەكانی دەوڵەتی توركیا پیشاندا بو، (ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، خ گواستنەوە،د.ژ (١٧)، ٢٥/ ٢/ ٢٠٠٣، ٥١٤).

دوای ئەوەی یەكێك لە ئەندامانی سینات(ئەنجومەنی پیران)ی فەرەنسا بەناوی (مۆنتیسكیۆ) نامەی سەرۆكی ئەنجومەنی لە دانیشتنی ٢/ ٣/ ٢٠٠٣ خوێندبوە، كەمال فوئاد سوپاسی كردوە، دواتر ئەوەی بە بیر ئەو سیناتە هێناوەتەوە كە فەرەنسا ئەو وڵاتە بوە كە ساڵی ١٩٩١پرۆژە بڕیاری (٦٨٨) پێشكەش بە ئەنجومەنی نەتەوە یەكگرتوەكان كردوە، هەروەها سوپاسی ئەو هەڵوێستەی كردبون، جگە لەوە سوپاسی خاتو دانیاڵ میترانی كردوە، كە بەشداری لە خولی گواستنەوەی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٢ كردوە، هەروەها سوپاسی ئەمریكا و بەریتانیاشی كردوە كە پەرلەمانتاریان ئامادەییان هەبوە (ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ (١٨)، ٢/٣/ ٢٠٠٣، ٥١٩).

دەتوانین بڵێین، كەمال فوئاد هەم وەك سەرۆك و هەمیش وەك جێگری سەرۆكی پەرلەمان لە قۆناغی گواستنەوەی پەرلەماندا لە نێوان ساڵەكانی (٢٠٠٢- ٢٠٠٥)دا كاریگەری لەسەر چەسپاندن و دەرچونی چەندین یاسا و بڕیاری دروست هەبوە، هەروەها لە كۆی (٥٨) دانیشتندا سەرۆكایەتی نۆزدە دانیشتنی كردوە، وەك جێگریش سەرۆكایەتی (٢) دانیشتنی كردوە لە خولی گواستنەوەدا، كە پەرلەمانی كوردستان لەو خولەدا ٤٨ یاسا و ٥٩ بڕیاری دەركردوە(مەڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی كوردستان، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥)، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونكراوەتەوە.

| یاسا و بڕیارەكانی خولی گواستنەوەی پەرلەمان | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | خولی گواستنەوە | ژمارەی یاساكان | ژمارەی بڕیارەكان |
| ١ | ٢٠٠٢ | ١٦ | ٢٩ |
| ٢ | ٢٠٠٣ | ٧ | ١٤ |
| ٣ | ٢٠٠٤ | ٢٥ | ١٦ |
| كۆی گشتی | | ٤٨ | ٥٩ |

هەروەك دەكرێت ئاماژە بەچەند یاسا و بڕیارێك بكرێت، كە ڕۆڵی كەمال فوئاد لە دەركردنیان لە خولی گواستنەوەی پەرلەمانی كوردستان دەردەخەن ئەوانیش:

*بڕیاری ژمارە (٢٤) لە ٦ی ١١ی ٢٠٠٢ تا یەكگرتنەوەی هەردو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر پەرلەمانی كوردستان مامەڵەیان لە گەڵ دەكات.

*بڕیاری ژمارە (٢٨) تایبەتە بەهەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم.

*یاسای ژمارە (٤٦)ی تایبەت بە دەستەی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی.

*یاسای سێیەمی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ١٩٩٢.

*یاسای ژمارە(18)ی ساڵی/2003 یاسای دیاریكردنی چارەنوسی یاسایی بەرپرس و دەست و پێوەندەكانی ڕژێمی دیكتاتۆری پێشو.

*یاسای ژمارە(22)ی ساڵی/2003 یاسای لەكارخستنی ماددەگەلێك لە یاسای ژمارە(23)ی ساڵی 1971ی ئوسوڵی موحاكەمە سزاییەكانی عیراق.

*یاسای ژمارە(43)ی ساڵی 2004 سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (144)ی یاسای ژمارە(111)ی هەمواركراوی ساڵی(1969)ی سزاكاندا هاتوە، جەریمەكانی دژ بە ئافرەتی بەشو ناگرێتەوە.

*یاسای ژمارە(42)ی ساڵی 2004 یاسای لەكارخستنی برگەی (1)ی ماددە(408)لە یاسای سزاكانی ژمارە(111)ی هەمواركراوی ساڵی (1969) لە هەرێمی كوردستانی – عیراقدا.

*یاسای ژمارە(40)ی ساڵی 2004 یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە(4)ی ساڵی (1998)ی سەندیكای ڕۆژنامەوانان.

*یاسای ژمارە(38)ی ساڵی 2004 دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق (مەڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥؛ جەوهەر، ٢٠١٦، ٤٧).

**باسی دوەم: ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی تایبەت بەدامەزراوەی پەرلەمان و حکومەت**

دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەستبەکار بوە، ڕۆڵ و پێگەی کەمال فوئاد بەڕونی دیاردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەوانەی لەو خولەی پەرلەماندا بون، زۆرینەیان خاوەنی ئەزمونی سیاسی و دنیایی بون، بۆیە ڕۆڵیان لە بەهێزبونی کاری پەرلەمانی هەبوە (سابیر، موحەمەد،(چاوپێکەوتن)، ٤/ ٥/ ٢٠٢٥)، کەسانی وەك کەمال فوئاد لە ئەزمونی سیاسی وڵاتانی ئەوروپا لەسەروی هەموشیانەوە وڵاتی ئەڵمانیا شارەزابونە، کە وڵاتێکی کۆن و گرنگ و پڕ لە ئەزمون لە جیهاندا بوە، دەستیان لە بەشی زۆری نوسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و یاساکانی پەرلەماندا هەبوە (شاویس، ٢٠٢٤، ٤٠٠).

کەمال فوئاد بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە شێوازی بەڕێوەچونی پەرلەمانەکانی دەرەوە هەبوە، لە سەرەتای کۆبونەوەکاندا داوای کردبو پەرلەمانی کوردستان بەشێوازی سەردەمیانە کارەکانی خۆی بکات، لە سەروی هەمویان شێوازی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەی ئامادەبونی دو لە سەر سێی (٣\٢) ئەندامانی بەرێوەبچێت نەوەك شێوازی (٥٠+ ١) پەیرەوبکرێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ ١، د.ژ (٢)،١٠/ ٦/ ١٩٩٢، ٣٦)، هەروەها پێشنیاری بونی پشو لە خولی زستانە و هاوینەی کردوە کە بە جۆرێك بێت، کە خولی زستانە مانگەکانی (١ و ٢)، خولی هاوینەش مانگەکانی (٧ و٨) بێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ ١، د.ژ (٢)،١٠/ ٦/ ١٩٩٢، ٤٤).

کاتێك سەرەتای کارەکانیان لەپەرلەماندا بەدروستکردن و ناونانی لیژنەکان دەستپێکردوە، بۆ ئەو مەبەستە لەکاتی گفتوگۆکردن و دانانی ناو بۆ لیژنەکان کەمال فوئاد لە بەرانبەر ناوی ڕۆشنبیری داوایکردوە لیژنەی ڕۆشنبیری بکرێتە لیژنەی کولتوری (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٣)،١٥/ ٦/ ١٩٩٢، ٧٧)، دوای ئەوەی مشتومڕ لەسەر ئەو ناوانە دروست بوە دەڵێت:" لام وابێ کەس ناتوانێ بڵێت من دژی بڵاوکردنەوەی گیانی کوردایەتیم، ئەوەیان نابێت بخرێتە دەنگدانەوە دواتر داوا دەکات ئەگەر کولتوریش دانانرێت پێوستە یەك لەو دەستەواژانە دابنرێت کە لەکاتی وەرگێڕاندا هەمان شت دەرنەچێتەوە، بۆ ئەوەی لە هۆشمەندی نەتەوەیی دوربکەوینەوە و بکرێتە هۆشیاری نەتەوەیی ئەوە لەویتر باشترە" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٣)،١٥/ ٦/ ١٩٩٢، ٧٩-٨٠)، هەروەها دژی ئەوە بوە کە وەرزش لە ڕۆشنبیری جیابکەنەوە، بەڵکو بە بەشێك لە بواری ڕۆشنبیری داناوە، لەو بارەیەوە کەمال فوئاد دەڵێت: " ئێمە کەوتمان کولتور ئیتر هەمو ئەوشتانە بە وەرزش و هونەریشەوە دەگرێتەوە، بۆیە پێویست ناکات وەرزش بخەینە پاڵ ڕۆشنبیری باشتر وایە بگوترێ وەزارەتی کولتور دواتر لەو وەزارەتە بەشێکی تایبەت بەوەرزش بکرێتەوە" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٨)،٢/ ٧/ ١٩٩٢، ٢٦٦).

هەر لەو دانیشتنەدا ڕەخنەی ئاڕاستەی ئەوانە کردبو، کە وشەی (ڕەچاوکردن) بۆ ئاینی ئیسلام بەکاردێنن و وشەکەیانی بەخواستێکی کەمایەتییەکانی داناوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی زۆرینەی موسڵمانە ئەو وشەیە کەم کردنەوەی بەهای زۆرینەیە و بە لە شکۆدانی ئاینی ئیسلامی زانیوە، بۆیە داوای کردوە نابێت ئەو وشەیە بۆ زۆرینە بەکار بهێندرێت(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٨)،٢/ ٧/ ١٩٩٢، ٨٠-٨١).

کەمال فوئاد تایبەت بەکاری ڕاگەیاندنیش تێڕوانینی وابوە کە لە ئەوروپا خەڵك بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئارەزوی خۆیان دەچنە ژورەوە، ئەو ڕۆژانەی پەرلەمان کاری تایبەت و نهێنیان هەیە ڕێگەنادەن هیچ کەسێك بچێتە ژورەوە، هەربۆیە داوادەکات کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕێگەپێدانی تایبەت بچنە هۆڵی کۆبونەوەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی میللەت بزانێ کە پەرلەمان خەریکی چییە، لەکاتێکدا میللەت دەیەوێت بزانێ پەرلەمان باسی چیدەکات (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٤)،١٩٩٢/٦/١٦، ١٥٠)، سەبارەت بەموچەی پەرلەمانتارانی کوردستان، کەمال فوئاد باس لەوەدەکات ئەو پارەیەی لەوکاتەدا دراوە بە پەرلەمانتاران موچە نەبوە، لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا هاتوە، ئەوە پاداشتە نەوەك موچە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (١)نا ئاسایی،٦/١٩٩٣/٧، ٣٩٨).

کاتێك بابەتەکە دێتە سەر دەستەواژەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کەمال فوئاد خۆی پاڵپشتی دەستەواژەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی کردوە، پاشان ڕەخنە لەوانەش گرتوە کە سڵ لە مافەکانی خۆیان دەکەنەوە و دەڵێت:" بەڕاستی گەلی کورد کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆیی هەبێت، ئەوە مافی ئەوەشی دەبێت کە خۆشی بڕیار لەسەر ئەوە بدات، هەروەها مافێکی زۆر زۆر سادەی خۆشمانە ئەگەر ناوی ئەو ئەنجومەنە بنێین: ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان." هەروەها کاتێك هاتۆتە سەر باسی ئاڵا پێیوابوە مادام تەواوی دەزگاکانی حکومەتی عێراقی لا چونە، پێویست ناکات ئەو ئاڵایە بەرزبکەنەوە، چونکە ئاڵاکەی ئاڵای قادسیەی سەدامە نەوەك هی گەلانی عێراق بێت" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٤)،١٦/ ٦/ ١٩٩٢، ١١٩- ١٢٠).

هەرچی پەیوەست بە ئیدارەی بەرەی کوردستانی بوە، کەمال فوئاد ڕەخنەگرتن لێگرتون، کە تا ئەو کاتە درێژەی بەکارەکانی خۆی داوە، بە پێویستی نەزانیوە بەڕێوەبردن و دارایی لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە درێژەی پێبدرێت، بەڵکو کاری بەرەی کوردستانی تا دروست بونی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بوە، ئەوەش کۆتای پێهاتوە، هەروەك دەڵێت:" لەمەولا هەرکارێکیان هەبێت پێویستە پرسیارەکان ڕوبەڕوی پەرلەمان بکرێتەوە" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٤)،١٦/ ٦/ ١٩٩٢، ٢٦).

هەرچی پەیوەستە بەدیاردەی چەك و چەکداری کەمال فوئاد باس لەوە کردوە ئەو یاسایانەی دەردەکرێن بۆ ونکردنی چەك لەلایەن پێشمەرگە و ئەفسەرەکانەوە دەبێت زۆر لە خەڵکێکی ئاسایی توندتربێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٢)، ١٩٩٣/٩/٢٨، ٩٦)، پێیوابوە لەوسەردەمەدا مرۆڤ ئەو تاوانانەی کراون و لەبەرانبەر چەند ساڵێك سجن و برێك غرامە کەم بوە، ئەگەرچی لاری لەسەر ئەودەقانەی سزادان نەبوە و بەگونجاوی زانیون، بەڵام داوای کردوە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ پێویستە غرامەکە بکرێت بە دە ئەوەندە یان پێنج ئەوەندە لەسەر تاوانباراندا وەك دەڵێت:" سزاکە و ماوەکەی لەوە نسبەتێك دابنرێت چونکە (١٠٠٠) دینار و (٢٠٠٠) دینار چەند ساڵێك حەپس بۆ ئەم دەورو زەمانە کەمە، ئەگەر (١٠،٠٠٠) دینار بێت کەم نییە" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٣)،٩/٢٩/ ١٩٩٣، ١٣٠)، هەروەها دواتر باسی لەوەکردبو هەرچی یاسای عێراقی هەیە بە باش و خراپیەوە هەڵی وەشێنینەوە لەگەڵ ئەو یاسایانەی بۆنی ڕەگەز پەرستی و دژی گەل و نەتەوەی کورد بون (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٣)،٩/٢٩/ ١٩٩٣، ١٤٧).

لە بواری ڕەخنەگرتنیشدا درێغی نەکردوە و لەو بارەیەوە ڕەخنەی لەو هاوڕێیانەی گرتوە کە لە پەرلەمانن و داوایانکردوە ئەو ڕۆژانەی بڕیاری گرنگی لەبارەوە دراوە وەکو هەڵبژاردنی پەرلەمان ودامەزراندنی حکومەت بکرێنە پشو،

لەگەڵ ئەوە دانەبوە کە هەرشتێکی گرنگ هەبو ڕۆژەکەی بکرێتە پشو، پێیوابوە ناکرێت بکرێتە عادەت و لەهیچ وڵاتێکی دنیادا نییە و ئەو هەمو پشوە نەبوە، ئەگەر ئەو ڕۆژانە بکرێنە پێشو، دەبێت ڕۆژی ٢٢ /١٢/ ١٩٩١ و ڕۆژی ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژی ٤/ ٧/ ١٩٩٢ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنە پێشو، هەروەها کۆمەڵێك یاسای گرنگ کە بڕیاریان لەسەر دراوە، لەناویشیاندا یاسای فیدراڵییە، بەگرنگی دانابون، بەڵام هەریاسایەك و بڕیارێکی گرنگدرا نەبوە بە ئاداب لە مێژوی هیچ میللەتێکی دنیادا بکرێت بە پشو (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٥)،١٩٩٣/١٠/٣، ٢١٨)، هەر لەو دانیشتنەدا کەمال فوئاد باس لە چونی شاندێکی کورد بۆ برۆکسل کردوە، کە (١٥) کەسیان لەسەر بانگهێشتی ئەو وڵاتە داوا کردبون، بە باشی زانیوە هەر ١٥ کەسەکە بچن، چونکە چونی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوە لە تەواوی لیژنەکان بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو دو ساڵەی حوکمڕانی بۆ ئەوروپاییەکان ڕونبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وابو ئەگەر ئەو پارەیەی بۆ ئەو شاندە تەرخانکرا بو بدرایە دەستی حکومەتی هەرێم دەکرا ٥ کەس بچن، ئەو هاوکارییەی دەمایەوە باشتر بو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان سودی لێوەرگیرا بوایە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٥)، ١٩٩٣/١٠/٣، ٢٢٠-٢٢١).

سەبارە بە پرۆژە یاسای حیزبەکانیش کەمال فوئاد لەو وڵاتانەی کە ئەوەندەی شارەزایی لە بارەیانەوە هەبوە، لە کاتی دامەزراندنی حیزبەکان پێویستە داواکاری پێشکەشی (دادنوس) بکەن، بەلام بۆ خۆ تۆمارکردن دەبێت بچنە وەزارەتی ناوخۆ، ئەوانیش سەیری داواکارییەکانی دەکەن و لە ماوەیەکی دیاریکراو وەڵامی دەدەنەوە، بەپێی ئەو مەرجانەی بۆی دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر برگە و مادەیەکی گونجاو نەبێت ئاگاداری دەکەنەوە کە ئەو مادەیە بگۆڕێت بۆ ئەوەی مۆڵەتی پێبدرێت، ئاماژەی بەوەدابو کە دامەزراندنی حیزب لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕونکراوەتەوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٦)،١٩٩٣/١٠/٤، ٢٦٤-٢٦٥)، پێشیوابوە لە دنیادا یارمەتی بۆ حیزبەکان لەسەر ڕێژەی دەنگی دەنگدەرەکانی دیاریکراوە، بەڵام ئەو داوای کردوە پابەندی تێدانەبێت بەدەنگدانەوە و هەمو حیزبەکان هاوکاری بکرێن و لەگەڵ ئەوەشدا بوە مەبدەئی ژمارەی دەنگدەران پارێزراوبێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٧)، ١٠/٥/ ١٩٩٣، ٣١٠). دواتر دێتە سەر خۆ کاندیدکردن بۆ پەرلەمان، بە پێویستی زانیوە کە مەرج دیاری بکرێت بۆ خۆ کاندیدکردن بۆ پەرلەمان، یەکێك لە مەرجەکانیشی ئەوە بوە نابێت ڕۆژێك لە ڕۆژان مەرحەبای ڕژێمی کردبێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ ١، د.ژ (٦)،١٩٩٣/١٠/٤، ٢٦٤-٢٦٥). ئەگەر ئەو سەرنجەی کەمال فود لەم بارەیەوە بەهەند وەربگیرایە، کار لەسەر ڕیشەکێش کردنی حیزبی بەعس بکرابایە ئەوا بۆ هەتاهەتایە کۆتای بەکاری جاشایەتی لەناو کورد دەهات، بۆیە ئەو هەڵوێستەی کەمال فوئاد بە هەڵوێستی بەرزی نیشتمانی و نەتەوەیی دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کەمال فوئاد لە پەرلەمان سوپاسی ئەوانەی کردبو کە هەستاون بە ڕێکخستنی باجی گومرگی، کە هەمو شتێکیان تێدا باسکردوە، هەمو بابەتە فۆلکلۆرییەکانیان هێناوەتە بەرباس و خواس لە تور و شێلم و تەڕە پیازەوە بۆ قاز و مراوی و قەلی لەخۆ گرتوە، هەروەها لەو بابەتەدا پرسیاری لەسەر باجی سەپاندراو کردبو و تێنەگەیشتنی خۆی لەمەڕ ئەو دەستەواژەیە خستبوەڕو (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٩)،١/ ١٢/ ١٩٩٣، ٩٩)، هەروەك لەهەڵوێستێکی حکومەتیش تورەبوە ڕایگەیاندوە کە ئامادە نییە بچێت لەگەڵ حکومەت دابنیشێت، چونکە ئەو ڕۆژە لە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان ڕۆژی حکومەت بوە، بەڵام ئەوان کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢١)،٧/ ١٩٩٣/١٢، ١٥٦).

کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٤ لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی کۆنفرانسی بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران دەدرێت، ئەوا ئەرکی سەرپەرشتی ئەم کۆنفرانسە بە کەمال فوئاد دەسپێردرێت، کە لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی پسپۆڕ لە بواری کاروباری نێودەوڵەتی و یاسا و خەڵکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و شارەزای جەنگ بەشدار بون، ئەوە بە یەکەم کاری جددی پەرلەمانی کوردستان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی سەدام دانراوە، بۆ ئەوەی کیمیاییباران و ئەنفالی کوردستان بە جینۆساید بناسێندرێت (مەڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥؛جەوهەر، ٢٠١٦، ٤٦- ٤٧).

یەکێك لەکارەکانی تری خولی گواستنەوە کە کەمال فوئاد کاری لەسەرکردوە و بەگرنگییەوە لێیڕوانیوە نوسینەوەی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان و ڕەشنوسی نوسینەوەی دەستور بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق بوە، ئەوە یەکێك لەو ئەرکانە بو، کە بەخولی گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان سپێردراوە، کەمال فوئاد بۆ وەرگرتنی سەرنجی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ڕەشنوسی هەر دو پرۆژەکە پێش ئەوەی بچێتە ناو پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆبونەوەیەك لەگەڵ (٣٦) حیزبی سیاسی لەشاری کۆیە ئەنجامداوە، پاشان پەرلەمان سێ دانیشتنی لەسەر کردوە، تا پرۆژە دەستورییەکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، دواتر ئەم دو پرۆژەیە دەبنە بەرچاوڕونییەك بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغدا و لە نوسینەوەی دەستوری هەمیشەی عێراق سودی زۆری لێوەرگیراوە، کە ئەم پرۆژە دەستورییە لە خولی دوەمی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی کوردستان بە بنەمای نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان دانراوە (مەڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥؛جەوهەر، ٢٠١٦، ٤٦- ٤٧)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەهۆی ململانێی ناوخۆی حیزبە سیاسییەکان تاوەکو ئەمڕۆش هەرێمی کوردستان بێ دەستور ماوەتەوە.

**باسی سێیەم: هەڵوێستی لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵك**

پەرلەمانی کوردستان یەکێك لەدانیشتنەکانی، کە بۆ پرس و ڕاگۆڕینەوەی پەیوەست بە ڕاپۆرتی سەرۆکی حکومەت تەرخانکردوە، لەو دانیشتنەدا کەمال فوئاد سەرنجی خۆی خستۆتەڕو، تیایدا باسی ئەو بابەتانەی کردوە کە بە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵك پەیوەستبون، داوای کردوە کە موچەی فەرمانبەران و دیاردەی چەکداری و سنور و گومرگەکان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەها بەڕاشکاوی ڕوبەڕوی ئەوان گوتویەتی:" ئەوانە هەموی لەبەرنامەکەدا هاتون پێشنیارەکان و پرسیارەکان ڕوبەڕوی ئەوانە دەبێتەوە بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە لێیان بپرسین چیان کردوە؟ چ هەنگاوێکیان ناوە؟ ئەگەر گیروگرفتیان هەیە چۆن دەتوانین چارەسەریان بۆ دابنێین و یارمەتیان بدەین؟ بزانین چ هەنگاوێك بنێین بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە جێبەجێبکەین؟" (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٧)، ١٩٩٢/٧/٢٢، ١٥).

سەبارەت بەڕۆڵی وڵاتان و ڕێکخراوەکانیان لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوە کەمال فوئاد لە دانیشتنێکدا باسی ئەوەی کردوە، ڕێکخراوێکی ئەڵمانی بڕیاریداوە کانی عاشقان لە هەڵەبجە نوێبکاتەوە، ئەو بابەتە کە پەیوەستە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بون پێویستە لەوبارەیەوە بە ئەرکی خۆی هەستێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢٦)،١٩٩٢/٨/٢٤، ٢٨٤).

هەروەها کەمال فوئاد باسی ئەوەی کردوە بارودۆخی خەڵکی کوردستان تادێت بەهۆی دابەزینی نرخی دینارەوە خراپ دەبێت، پێویستە باروگوزەرانی خەڵکی کوردستان باشبکرێت و چین و توێژەکانی ناو حکومەت موچەیان بۆ زیاد بکرێت، پێیوا بوە کە دیناری عێراقی چیتر ئەو بەهایەی جارانی بۆ ناگەڕێتەوە، ناتوانن نرخی دیناری عێراقی بەرزبکەنەوە، بەڵکو

ئەوە لیژنەیەکە لەجیهاندا بڕیاری لەسەر داوە، بۆیە داوای باشکردنی بارودۆخی ئابوری کوردستان کردبو، هەروەها بە باشی زانیوە حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەو پروپاگەندانەی لەلایەن دوژمنانەوە دەکرێن بداتەوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٤٣)،١٩٩٣/٦/١٥، ٢٠٥).

بابەتی خزمەتگوارییە گشتییەکانیی فەرامۆش نەکردوە، لەو ڕووەوە لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا کەمال فوئاد پێشنیاری کردبو گوشار لەسەر نەتەوە یەکگرتوەکان دروستبکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش گوشار لەسەر حکومەتی عێراق بکەن، تا گەمارۆی ئابوری لەسەر هەرێم هەڵبگرێت بەتایبەتی لەسەر سوتەمەنی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢١)، ١٩٩٢/٨/١٠، ١٥٨)، لە دانیشتنێکی دیکەدا باسی کارەبا بەگشتی و کارەبای دهۆکی بەتایبەتی کردوە، پرسیویەتی ئایا کارەبای دهۆك چارەسەر نەکراوە؟ دواتر داوای کردبو پێویستە ئێمە بۆ خۆمان خەم لە کارەبا بخۆین و حکومەتی هەرێم بەوکارە هەستێت، چ لە ناوخۆ چ لەدەرەوە هەوڵی چارەسەر کردنی بدرێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢٤)،١٩٩٣/١٢/١٤، ٢٤٨)، کاتێك لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا باس لە خێزان و دیاریکردنی ژمارەی منداڵی لە دایکبو دەکرێت، کەمال فوئاد ئەو مافە بۆ خودی خێزانەکان دەگەڕێنێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات ژن و پیاو پێویستە ئازاد بن کە چەند منداڵیان هەبێت، بەلێسەندنەوەی ماف لەو منداڵەی کە لە دایکبێت لەوانەیە ئەو منداڵە لە ئایندەدا ببێتە مرۆڤێکی گەورە و خزمەتی زۆری کۆمەڵگە بکات، هەروەها ئاماژەی بەوە کردوە ئێمە وەك وڵاتانی چین و هیندستان نین بەدیاری کردنی ژمارەی منداڵ لە گرفتی دانیشتوان ڕزگارمان بێت، بەڵکو کۆمەڵگە لە گۆڕاندایە ئەوەتە لە ئەوروپا خێزان بە زۆری دو منداڵی هەیە، کەم خێزان هەیە سێ منداڵی هەبێت ئەوانە بە باوەڕی خۆیان بەو بڕیارە گەیشتون کەس قەدەغەی نەکردون، جگە لەوە مرۆڤ هەیە لە ژنێك زیاتری هەیە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ.گواستنەوە،د.ژ.(٣٦)،٢٠٠٣/١٠/١٨، ٤٠٠).

**باسی چوارەم: هەڵوێست و تێڕوانینەکانی بۆ بواری ئەکادیمی و زمانەوانی**

بواری ئەکادیمی و زمانەوانی یەکێك بوە لەو بابەتانەی کە لە پسپۆڕی کەمال فوئادەوە نزیکبوە، بۆیە لە نوسین و گفتوگۆکانی پەرلەماندا کاتی زۆری بۆ تەرخانکردوە و تێڕوانین و بۆچونەکانی خۆی خستۆتەڕو، لەو ڕووەوە ڕۆڵی بەرچاوی لە ئاراستەکردن و دیاری کردنی دەستەواژەکاندا هەبوە، لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا کاتێك یاسایەکی تایبەت بە بواری خوێندنی باڵا دێتە پێش و لە یەکێك لە بڕگەکاندا دەستەواژەی (رسم اهداف بعيدة) پێشنیار کراوە، ئەو بەڕونی نابینێت و دەڵێت: زۆر پێویستیش بێت ئەو دەستەواژەیە گونجاو نییە، هەروەها (والاهتمام بالتراث والثقافة الكردية)ی بۆ کاروباری خوێندنی باڵا داناوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٣)،١٩٩٣/٥/٥، ٣٧٩)، هەروەك دەستەواژەی (الاهتمام بالدراسة كردية)ی بە دەستەواژەیەکی بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی زانیوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٣)،١٩٩٣/٥/٥، ٣٨١)، جگە لەوەش ئاماژەی بەوە کردوە هەرکاتێك دەستەواژەی (الدراسات) هات پێویست بە (علمی اکادمیە) ناکات، بەڵکو لە ڕوی زانستییەوە بە پێویستی زانیوە (دراسات كردية) پێبوترێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٣)،١٩٩٣/٥/٥، ٣٨٥).

جگە لەوە باس لە خۆی دەکات کە لەناو زانکۆی سلێمانی چۆن بۆتە سەرۆکی بەشی دیراساتی کوردی و داوای کردوە وەکو دنیا سیستمی بەڕێوەبردنی زانکۆکانی کوردستان بە هەڵبژاردنبێت، لەو بارەیەوە کەمال فوئاد دەڵێت: "لە هەمو دنیا بە هەڵبژاردن دەکرێت، لەلای ئێمەش وەختی من کە سەرۆکی بەشی دیراساتی کوردی بوم لە زانستگەی سلێمانی بەهەڵبژاردن بوم بەسەرۆکی بەشەکە و دەستەی وانە بێژان کۆدەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە

دەبێت دیاری بکرێن، ئەو کاتە ئەندامانی (هيئة تدريسى) مافی دەنگدانیان هەبو، ئەو کەسانە سەرۆکی بەش هەڵدەبژێرن"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٥)، ١٩٩٣/٥/٩، ٤٢٩). بۆیە داوادەکات لە زانکۆکانی کوردستان پۆستەکان بە هەڵبژاردن بێت، ئەگەر بە هەڵبژاردن بێت ناتوانن بچن کەسێك لە دەرەوە بهێنن بیکەن بە سەرۆکی زانکۆ یان بە ڕاگر، بەڵکو ئەوە لەناوخۆیاندا دەبێت، بۆ سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان نابێت پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆر یان یاریدەدەری پرۆفیسۆر کەمتربێت، بەوە هەرکەسێك ئەو پلەیەی هەبێت دەتوانێت خۆی بەربژێر بکات، هەرکەسێك توانی دەنگی زۆرینە بێنێت پۆستەکە بەدەست دێنێت"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٥)، ١٩٩٣/٥/٩، ٤٣١).

لەبارەی زمانی فەرمی و زمانی خوێندن کە بە جیاوازی دیتون، پێوایە زمانی فەرمی لەهەرێمی کوردستان زمانی کوردییە، پێویست ناکات لەناو یاساکاندا هەبێت، بەڵکو لەگەڵ لابردنی زمانی کوردی بوە، لەبارەی زمانی خوێندنیش لە زانکۆکان پێیوایە ئەوا باشترە خۆیان بڕیار بدەن، بەچ زمانێك دەخوێنن، بەڵام بەکوردی خوێندنی بەباشتر زانیوە لە زمانەکانیتر، هەروەها ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە لەهەمو دنیا زمانی خوێندنی پزیشکی و ئەندازیاری بەزمانی عەرەبی یان ئینگلیزی نییە، بەڵکو هەمو دنیا بەزمانی نەتەوەی خۆیان دەخوێنن، بۆیە داوای کردوە ئەگەر لەتوانایان دا هەیە بەزمانی کوردی بخوێنن، (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٦)،١٩٩٣/٥/١١، ٤٨١-٤٨٢، ٤٨٣-٤٨٤).

لە دانیشتنێکدا بە گرنگییەوە باسی لە هەڵوێستی وڵاتی ئیتاڵیا کردوە، کەوا داوای وەرگرتنی خوێندکارانی ئامادەیی کردوە بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا، سەرباری ئەوەی حکومەتی عێراق دانی بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان نەنابو، بەڵکو داوای کردبو پێویستە خوێندکاران بچن لە شوێنێکیتر تاقیکردنەوەکانیان ئەنجامبدەن، بەڵام کەمال فوئاد لەو دانیشتنەی پەرلەمان بە وەرگرتنی خوێندکاری کورد لە سایەی ئەو ئەزمونەدا زۆر دڵخۆشبوە، چونکە ئەوە بە دانپێدانانی ئەزمونی خوێندنی کوردی لەو کاتەدا بینیوە و ئەوەی پیشانیداوە کە تاقیکردنەوەکان بەرێکوپێکی ئەنجامدراون، هەروەها زانکۆکانی جیهان متمانەیان پێکردوە، دیارە لەوکاتەدا نزیکەی ٤٠ زەمالەی خوێندنیان لە ئەوروپا بۆ خوێندکاری کورد وەرگرتبو. دواتر کەمال فوئاد ئەو بابەتەی لە ژمارە(١٥١)ی ڕێکەوتی ٢٩/ ٧/ ١٩٩٢دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکردۆتەوە و وەزیری پەروەردەی لەوە ئاگادار کردبوەوە کە ئەو زەمالانە بۆ خوێندکاری ئەو ساڵە بوە نەوەك بۆ ساڵەکانی پێشوتر، هەروەها ئەو هەوڵە بەهۆی کۆمەڵێك خوێندکاری کورد بوە لە ئیتاڵیا و ئەوانی ڕوبەڕوی ئەویان کردۆتەوە، بە پێویستی زانیوە وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندکارانی ئەو ساڵی تەرخانبکات بەبێ جیاوازی کردن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٨)،١٩٩٢/٧/٢٦، ٦٠- ٦١).

هاوکات نیگەرانی خۆی دەربڕی بو لەبەرانبەر هەندێك لایەنی سیاسی کە بەشی ناوخۆییان کردبوەوە، داوای کردبو کە ئەو بەشانە دابخرێن و حکومەتی هەرێم بۆخۆی سەرپەرشتی بەشەناوخۆیەکان بکات و پاڵپشتی ئەو پەرلەمانتارانەی کردبو، کە داوای هاوکاری داراییان بۆ خوێندکاران کردبو (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٩)،١٩٩٣/١٠/١٠، ٣٩٣).

هەر سەبارەت بەپرۆسەی خوێندن کەمال فوئاد لە یەکێك لەدانیشتنەکان داوای هاوکاری بۆ خوێندکاری ئەنفالەکان کردبو، کاتێك لەلایەن قوتابخانەکانیانەوە داوایان لێکرابو تا ماوەیەکی دیاری کراو ناسنامە نەهێنن دەبێت قوتابخانە جێبهێڵن، بەڵام ناوبراو داوای کردبو پێویستە لەبری ناسنامە هەر بەڵگەنامەیەکی تریان لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی لە خوێندن دانەبڕێن و قوتابخانە جێنەهێڵن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٥)،١٩٩٤/١٢/١٤، ٥٤٥).

کەمال فوئاد وەکو کەسایەتییەکی سیاسی و ئەکادیمی لە دێر زەمانەوە شارەزای مێژوی نەتەوەکەی بوە، بەڵکو لە بوارە ئەکادیمیاکەیەوە بەوردی چۆتە قوڵایی مێژوی گەلانی ناوچەکە و ئەو گەلانەشی حوکمی ناوچەکەیان کردوە، ئێستا پاشماوەیەکیان ماوەتەوە، لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا لەهەوڵی پاراستنی مافەکانیاندا بوە، بۆیە لە یەکێك لە دانیشتنەکانی خولی گواستنەوە لەساڵی ٢٠٠٢ دا باسی ئەوەی کردوە کە مێژو ئەوەی بۆمان گێڕاوەتەوە کە کلدانییەکان هاوکاتن لەگەڵ دامەزراندنی بابلی نوێ کە مێژوەکەی بۆسەدەی شەشەمی پێش زاین گەڕاوەتەوە، وەختێك کە ئاشور و کلدان هەبون هێشتا ئاینی مەسیحییەت بڵاونەبۆتەوە، ئەو گەلانە زمانەکەشیان لەیەك نزیك بوە بەڵام دوای سەدان ساڵ لەهاتنی ئاینی مەسیحی ئەوان زیاتر لەیەکتری نزیك بونەتەوە، ئەوانە زیاتر بەکلدۆ ئاشور ناویان دێت یا ئاشوری بابلی ناودەبرێن، هەروەها جیاوازی نێوان کلدانی و ئاشورییەکانی بەوە کردوە، کە کلدانییەکان بەوانە وتراوە کە لە شارەکان ژیاون و خەڵکی شارستانی و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و کاسبکار بون، بەڵام ئاشورییەکان دوای ڕوخانی ئیمپراتۆرەکەیان ئەوانەن کە لە گوندەکان ژیاون، بە کوردە گۆرانەکانی چواندون (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ گواستنەوە، د.ژ(٥)،٢٠٠٢/١١/٥، ١٣١).

سەبارەت بەبواری زمانەوانی و فەرهەنگی زاراوەی کوردی کەم واهەبوە لێگەڕابێت دەستەواژە یان شتێك لەگەڵ فەرهەنگی گەلەکەی گونجاو نەبوبێت بێتە ناو یاسا و دەقەکان، هەر بۆیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا هەوڵیداوە دەستەواژەی شایستە دابنرێت، لەم بارەیەوە کاتێك، لیژنەی ژنان دێتە بەرباس و داکۆکی لەوە دەکەن بەناوی ئافرەتان بێت کەمال فوئاد دەڵێت: ئەوە ژنانە نەك ئافرەتان، پێش هەموشتێك ناوی (ژن)ە، نەك (ئافرەتان)، چونکە ئافرەت وشەیەکی زۆر ناشیرینە لە بارەی زمانەوانییەوە ناپەسندە، مەسەلەکە مەسەلەیەکی سیاسی نییە، ئەم ڕێکخراوە ناوی ئافرەتان بێت یان ژنان، تەنها لە ڕوی زمانەوانییەوە باسی وشەی ئافرەت دەکەم، ئەگەر دەتانەوێت ئەم وشەیە بەکارنەهێندرێت دەشێ بکرێت بەهی دایکان و منداڵانیان بەناوبکرێت، بەڵام ئەگەر ویستان لیژنەیەك هەبێت تکام وایە خۆتان لە وشەی ئافرەت بپارێزن بگوترێت خانمان یان بانوان، گرنگ ئەوەیە وشەی ئافرەت بەکار نەهێنین"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣)، ١٩٩٢/٦/١٥، ١٠٠).

سەرای ئەوە ڕەخنەش لەوە دەگرێت کە هەندێك دەقی یاسای و مادە هەیە نەیانتوانیوە تائێستا بەکوردی دارشتنەوەی بۆ بکەن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٣٦)،١٩٩٣/٥/١١، ٤٨١-٤٨٢، ٤٨٣-٤٨٤). بۆیە لە یەکێك لەدانیشتنەکان باس لە وشەی (تەرغیب) دەکات، کە بەشوێنی خۆی نازانێت و جیاوازی پیشاندەدات لە نێوان (ترهیب) بەشتێك و (ترغیب) بەشتێکیتری داناوە، چونکە بەشتێکی ئاسایی بینیوە هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی بتوانێ خەڵك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە بەهەر ڕێگایەکی بڕوا پێهێنەر، یا هەر کارێکی نارەوا پێیدەگوترێ (ترهیب) (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٥)، ١٩٩٣/١٠/٣، ٢٤٢).

**باسی پێنجەم: هەڵوێستەکانی بەرانبەر شەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئاشتی**

دیارە کەمال فوئاد وەك کەسایەتیەکی کوردپەروەر خاوەن بۆچونی نیشتمانی و نەتەوەیی بوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوە بارودۆخی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی سەرکەوتو بڕوات، بۆیە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤دا لە یەکێك لەدانیشتنەکاندا داوادەکات کە ئەو یاسا و ڕێنمایانەی کە پەرلەمان دەریکردبون پێویستە پەرلەمان بیان پارێزێت و جێبەجێبکرێن، بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستی زانیوە کۆمیتەیەك دروستبکریت، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە دوێنێ بەخۆشی لە پەرلەمان چوبونە دەرەوە، بەڵام بەداخەوە شەو شەڕ دوبارە دەستی پێکردبوەوە،

هەروەها هاتۆتە سەر باسی ئەوەی بڵێت:" جا ئێمە ناتوانین هەمو جارێك دانیشین و بڕیار وەربگرین و قسەی خۆش بکەین، قسەی باش بکەین و لەپاش ئەوە بە پێچەوانەوە ڕەفتار بکرێت، پێویستە ئەو کەسانە بگیرێن و سزا بدرێن و بۆ خەڵکیتر بکرێن بەپەند و عیبرەت "(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢)نا ئاسایی، ١٩٩٤/٨/١٦، ٦٠١).

لەبەر ئەوە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ وەستانی کۆبونەوەکانی پەرلەمانی لێ کەوتوەتەوە، لەپێناو کاراکردنەوەی بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئاشتیدا بگێڕێت، پەرلەمانی کوردستان لە مزگەوتی گوندی دارەبەنی نزیك بەحرکەی شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٧/ ٥/ ١٩٩٥ کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدابو، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردراوە تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەی ساڵێك درێژبکرێتەوە، لەدوای کۆبونەوە کەمال فوئاد وەك سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بۆ میدیاکان پەیامێکی دابو، لەو پەیامەیدا ئاماژەی دابو بەوەی ئەو لایەنانەی لە کۆبونەوەی پەرلەمان ماندوبون و هەوڵیانداوە و سەرکەوتوبون، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا پەرۆشی دەربڕیوە بۆ ئەوەی وەك پێشو بەیەکەوە چەند قسەیەکی خۆشیان کردبان و پلان و بەرنامەیان هەبوایە کە لەدوایدا چی بکەن؟ بەڵام لەو پەیامەیدا گەشبین نەبوە کە پەرلەمان بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەوە بتوانێ کۆببێتەوە، بە هیوا بوە کە بارودۆخ ئاسایی ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن کابینەی سێیەمی حکومەت پێکبهێنن (کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژ: ٩٩٦، ٢٨/ ٥/ ١٩٩٥، ٦).

لە دانیشتنێکی دیکەی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ بارودۆخی شەڕی ناوخۆی مانگەکانی (٥ - ٦)ی ساڵی ١٩٩٤ تەرخانکرا بو، وەك سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز ئاماژەی دابو بەو باردۆخە خراپەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات بو بە نیگەرانیەوە باسی کردوە، بەلای ئەوەوە ئەو باردۆخە کاریگەری خراپی کردوەتە سەر دڵ و دەرونی خەڵکی و بۆ ئاسایی بونەوەی ئەو بارودۆخە پێویستی بە ماوەیەکی دورودرێژ هەیە، لەو باوەڕەدا بوە کاریگەری خراپی لەسەر دۆستانی کوردیش هەبوە، هەروەها دڵی دوژمنانی خۆشکردوە، ئەوە وایکردوە لە هاوکاریکردنی کورد ساردببنەوە، هەروەها بە برینێکی قوڵی لەسەر جەستەی کوردی پێناسەکردوە و دەڵێت:" مەسەلەی گەلەکەمانی گەیاندە لێواری کارەسات و برینێکی وای خستە دڵ و دەرونمان کە سارێژبونەوەی پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی درێژخایەن و دڵسۆزانە هەیە، نزیکەی سێ ساڵ بەر لە ئێستا کوردستانی ئازاد ڕێگای هەڵبژارد بۆ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەی بۆ چونی دوژمنان و ناحەزان ئەو ڕێگایەی بە سەرکەوتویی بڕی، ئەو سەرکەوتنە بوە مایەی شانازیی و دڵخۆشی بۆ خۆمان و بۆ دۆستانی مەسەلە ڕەواکەمان کەم جار هەوڵی وا بۆ کورد ڕەخساوە کە لەبەشێکی وڵاتەکەی خۆیدا خاوەنی دەسەڵات بێت، لە دنیای دەرەوەش دا بەو شێوە گەورە و فراوانە پشتیوانی لە مەسەلەکەی بکرێت، چ تاوانێکی گەورەیە ئەو بارە ڕەخساوە ئەو هەلە مێژویە بەرەو لێواری کارەسات ببرێت، لە دو ساڵی ڕابردودا پەرلەمانی کوردستان بە نیازی بەرپاکردنی حوکمی یاسا و چەسپاندنی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێکخستنی کاروبار و ژیانی خەڵك بوە، کۆمەڵێك یاسای لەوانە یاسای حیزب و ڕێکخراوەکان و یاسای چەك هەردوکیان پەیوەندیان بە باری ئاڵۆزی وڵاتەوە هەیە دەرکردوە، پەیرەونەکردنی ئەو یاسایانە و سەرەڕای نزمی ئاستی هۆشیاری و نەتەوەیی و سیاسی لە هۆ گرنگەکانی بەرپا بونی شەڕ و خراپەکاریەکانی ئەم دواییە بون"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٣)، ١٩٩٤/٧/١٩، ٣٠٢- ٣٠٣).

دوای ئەو بارودۆخە نالەبارەی شەڕ، کەمال فوئاد لە ٣١ی ئایاری ١٩٩٤ لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز کۆبۆتەوە، دواتر داوای لە سەرجەم ئەندامانی لیستەکەی کردوە بێنەوە پەرلەمان و دەوام بکەن، هەروەها داوای لە فراکسۆنی لیستی زەردیش کردبو بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن و بە دەم بانگەوازەکەیەوە بچن، هەروەك باسی ئەوەی کردوە، کە ئەو ئەندامانەی لە هەولێر ژیاون ئامادەییان هەبوە، ئەوانەی دەرەوەی هەولێریش ئامادەییان پیشان

دابو بۆ ئەوەی بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن، بەڵام بەپێی بۆ چونی کەمال فوئاد ئەگەر لیستی زەرد بۆ پەرلەمان نەچن ئەوا دانیشتنەکانی پەرلەمان سەرکەوتونابن، بە شێوەی فەرمی ناتوانێ کۆبێتەوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ١، د.ژ (١٨)،١٩٩٤/٧/٢٧، ٤٧٩).

لەبارەی ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هاتبو، باس لەوە کردوە چەندین کۆبونەوە لە نێوان بەرەی کوردستانی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا ئەنجامدراوە، لەو کۆبونەوانەدا قسەی باش کرابو، بڕیاری باش دەرکرابو، بەڵام ئەو قسانە ئەنجامی کەمیان هەبوە، بڕیارەکانیش جێبەجێنەکرابون و هەمو ئەو هەوڵانەی درابون، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەنجامی باشیان هەبوایە بارودۆخ بە ئەو ڕۆژگارە نەدەگەیشت، داوای کردوە ئەو کۆبونەوەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت چۆن ئەو بڕیارانە جێبەجێبکرێن، پرسیاری ئەوەشی کردبو بۆچی لێپرسینەوە نییە؟ هەروەها کەمال فوئاد دەڵێت:" هەردەمنا دەمێك کەسێك یان لایەنێك هەستاو شەڕێکی هەڵگیرساند و دەیان کەسی تێدا بکوژرێت، دەیان کەسی تێدا بریندار بێت، دەیان ماڵی تێدا کاول بێت، دەیان و سەدان ماڵی تێدا تاڵان بکرێت، لە پاشان کۆتایی بێت و بڵێن شەڕ وەستا، ئەی ئەو هەمو خوێنەی کە ڕژا، ئەو هەمو کەسەی بریندار بون، ئەو هەمو ماڵەی کەوا کاول کران، کێ پاداشتیان دەداتەوە؟ هەروا ناکرێت لە لاژێرەوە کەس باسیان نەکات، پێویستە باس لەوە بکرێت،کەوا دەبێت تاوانباری دەست درێژیکەر، پەلاماردەر، سزای خۆی وەرگرێت و لێپرسینەوە هەبێت، دەمەوێت ئەوە بڵێم جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود هەمو شتەکانیان بەدەستە و دەتوانن بە (کن فیکون)ێك هەمو مەسەلەکان جێبەجێبکەن"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ (٣) نائاسایی، ٢٥/ ٨/ ١٩٩٤، ٦١٣).

بۆیە لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە هەریەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئامادە بون، لەو کاتەدا کۆمەڵێك چەکدار لە بەشی سەرەوەی پەرلەمان بەچەکەوە بونە، کەمال فوئاد داوای کردبو کە پێویستە ئەو چەکدارانە بچنە دەرەوەی پەرلەمان و چەکەکانیان دابنێن و بەبێ چەکی بۆ ژورەوە بگەڕێنەوە، هیواخوازبوە کە چەك داماڵین لە پەرلەمانەوە دەست پێبکات، ڕوی چەك تەنها بەرەو ڕوی دوژمنانی کورد و کوردستان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکرێتەوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ١، دانیشتنی کردنەوەی خولی دوەم، ١٩٩٤/٩/٦، ١٦). وەك دەردەکەوێت کەمال فوئاد نەك هەر دژی شەڕی ناوخۆ بوە بەڵکو لەخەمی پاراستنی دامەزرەواکانی هەرێمدا بوە.

دیارە پەرلەمانی کوردستان لە دروست بونیەوە تاوەکو شەڕی ناوخۆ کە تەشەنەدەستێنیت کەمال فوئاد سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بوە، ڕۆڵیکی باشی بینیوە و یەکێك بوە لەو پەرلەمانتارانەی قسەی لەسەر کۆی گشتی بابەتەکان هەبوە، خەمی گەورەی ئەو تەبایی ناو ڕیزەکانی کورد بوە، بۆیە هەمیشە لە پرۆسەی ئاشتی ڕۆڵی گرنگی هەبوە، بوێرانە دەستی بۆ زۆرێك لەبابەتەکان بردوە، ئەوەش دەرخەری ئەوە بوە کە کەسایەتی هۆشیار و بەئاگا و شارەزا بوە، کاتێك دوای کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، هەرێمی کوردستان بەسەر دو حکومەت دابەش دەبێت، هەر لایەو حکومەتی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، بەمەش کاری پەرلەمانی پەکی کەوتوە تا لەخولی گواستنەوەی پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٢دا جارێکی دیکە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەست پێدەکەنەوە.

لە کۆبونەوەیەکی خولی گواستنەوەی پەرلەماندا کە عومەری سەید عەلی وتارێکی بەناوی کۆمیتەی ئاشتی(MCC) لە لیژنەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەشی کردبو، تیایدا هاتوە کە کۆمیتەی ئاشتەوایی(MCC)، بۆیەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٢/ ٢/ ٢٠٠٢ لەشەقڵاوە بە ئامادە بونی عەزیز موحەمەد دەستی بەکارەکانی خۆی کردوە، ئەوە دوای ئەوە هاتبو، کە جەلال تاڵەبانی لە ٣١/ ١٢/ ١٩٩٧ نامەیەکی ئاڕاستەی

مەسعود بارزانی کرد بو و ئەوی بەئەرێنی وەڵامی نامەی تاڵەبانی داوەتەوە، ئەوە بۆتە ڕێگا خۆشکەر بۆ دانیشتنی کۆمیتەی ئاشتی و دواتری ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن لە ١٧/ ٩/ ١٩٩٨، کە بۆتە قۆناغی گرنگی داهاتوی پرۆسەی ئاشتی، دیارە ئەو لیژنەیە بەکۆبونەوەکانی ساڵی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ی ئەمریکاوە زیاتر لە (٨٠) کۆبونەوەی ئەنجامداوە، ئەنجامی ئەو کۆبونەوانە بۆتە هۆی ئازاد کردنی سەدان گیراو و هەزارانماڵە ئاوارە گەڕانەونەتەوە و ئازادی هاتوچۆ فەراهەم بوە، هەر لەو دانیشتنەدا سامی عەبدولڕەحمان وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆمیتەی ئاشتی (MCC) خوێندۆتەوە، لەم وتارەدا ئاماژەی بەڕۆڵی کەمال فوئاد لەپرۆسەی ئاشتی دەکات و دەڵێت:" نامەوێت وەها پێشانی بدەم کە کۆبونەوەکان بێ گیروگرفت و لەبار بون، بەڵام قسە خۆشەکانی کەمال فوئاد و تێبینییەکانی مامۆستا عزیز موحەمەد و بڕیاری خۆمان بەو سیفەتەی کە لەو دانیشتنەدا خانە خوێ بوین، دەبێ ئەو پەڕی ڕێز و ئیحتیرام بنوێنین، هەر لەیەکەم دانیشتنەوە بارودۆخێکی ئەوتۆی خوڵقاند کە توانیمان بەسەر زۆر لەسەر ئەوشتە نێگەتیڤانەدا زاڵبین کە دەهاتنە پێش"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ گواستنەوە، د.ژ(٢)، ٢٠٠٢/١٠/٨، ٤١-٤٣).

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی دوەمی پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٥٨)ی خولی گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی کەمال فوئاد لە ٥/ ٤/ ٢٠٠٥ بەڕێوەدەچێت، کە تیایدا کەمال فوئاد وتاری کۆتایی ئەو خولەی پێشکەش کردوە، لەوتارەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ، بەڵام ئەوەی لەم وتارە جێگای گرنگیپێدان بو ئەوەیە باسی هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانی لە شەڕی ناوخۆدا کرد بو، دوای ئەوەی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ هەڵدەگیرسێت، لە ٢٥ی تەموزی هەمان ساڵدا پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی (١٩) خالی پەسند کردوە، ئەو بڕیارە ئەگەرچی جێبەجێنەکراوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە بڕیارێکی نوێدا لەلایەن کۆمەڵێك لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی (سەوز و زەرد و مۆر) بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ لە هۆڵی پەناگیری پەرلەمان دەستیان بەمانگرتن کردبو، هەروەك باسی ڕۆڵی پەرلەمانی کردوە لە ڕۆژی دەست بەکاربونیەوە تاکو دوا ڕۆژی خولی گواستنەوە (٣٩٠) کۆبونەوەی ئاسایی و (٢٠) کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجامداوە، لەو کۆبونەوانەدا (١٩٤) یاسا و (٢٩٣) بڕیاری دەرکردوە، هەروەها لەو کۆبونەوەیەدا داوایکردوە پەرلەمانی داهاتو سنوری کوردستان لە ڕوی جوگرافی و نەتەوەیی دیارییبکات (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،خ گواستنەوە، د.ژ(٥٨)، ٢٠٠٥/٤/٧، ٥٩٢- ٥٩٣).

**باسی شەشەم/ هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن**

بە خوێندنەوە و ڕوانین لە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان دەردەکەوێت سەرەتای کارەکانیان دوای پێکهێنانی لیژنەکان دەستیانکردوە بە گفتوگۆکردن لەسەر ئاینده و پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە، بۆ ئەو مەبەستە کەمال فوئاد بۆچونی خۆی دەخاتە ڕو و ئاماژە بەوە دەکات، کە دژی ئەو جۆرە وتوێژانە بوە، کە لەساڵی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەنجامیداوە، چونکە بێ ئەنجام بون، هیچ دەستکەوتێکیان بۆ گەلی کورد نەبوە، بۆیە لەگەڵ ئەوە بوە ئەو وتوێژەی لەگەڵ بەغدا ئەنجام دەدرێن لایەنی سێیەمیش کە نەتەوەیەکگرتوەکان یان وڵاتێکی تر لە نێواندابێت، چونکە وتوێژ بە هەبونی لایەنی سێیەم دەستکەوتی باشی دەبێت، بۆیە تا ئەو کاتەی وتوێژ ئەنجامی دەبێت و لایەنی سێیەم دێتەناو پێویستە کۆبونەوەکان ڕابگیرێن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٥)،١٩٩٢/٧/١٩، ٤٧٢).

سەبارەت بە داهاتوی هەرێمی کوردستان و پەیوەست بەمافی چارەنوس لەعێراقدا باوەڕی بەبونی فیدراڵی هەبوە، کاتێك بە دیڕێك پێیان دەڵێت فیدراڵی واتە: " یەکێتی ئارەزومەندانە لەناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی

فیدراڵدا"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٥)،١٩٩٢/٧/١٩، ٤٧٨)، هەروەها بە پێوستی زانیوە لە بری " عێراقێکی دیموکراسی"، دەستەواژەی (عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵ) بەکار بهێنرێت، ئیتر پێویست بەوەناکات بنوسرێت دان بەمافی میللەتەکەمان دابنرێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٥)،١٩٩٢/٧/١٩، ٤٨٣)، دوابەدوای ئەوە بەرپرسانی بەعسی، بەتاقمی پیاوکوژ و چەقوکێش و جەلاد ناوبردبو کاتێك دەڵێت: " نازانم تاقمێك پیاوکوژ و چەقۆ وەشێن، کە لە بەغدا دانیشتون بۆ بتوانن ڕێگە بەخۆیان بدەن، کە یاسا دەربکەن، بەڕاست و چەپدا حوکمی خۆیان بکەن، خەڵك بکوژن و خەڵك بەرن، بەڵام ئێمە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە هاتوین ئەو مافەمان نەبێت، بەڕاستی پێویستە ئەو تەلیسمە بشکێنین، بڕوا بەوەبێنین کە مافی ئەوەمان هەیە کە بڕیاربدەین، مافی هەڵوەشاندنەوەشمان هەیە"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٦)، ١٩٩٢/٧/٢٠، ٥٠٤).

جگە لەوە لە یەکێك لەدانیشتنەکانیتردا چەند تەوەرێکی گرنگ و پر بایەخی باس کردوە، ئەویش پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیا و ئێران و سوریا بوە، داوای کردبو کە شاندێك بچێت، بەڵام ئەو شاندانە بەبێ ناردنی بانگهێشتنامەی سەردانی نەچن، خاڵێکیتر کە جەختی لێکردۆتەوە باسکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی (ئۆپۆزسیۆنی) عێراق بوە، کە پێیوابوە ئەو هێزانە زۆر لە دژی سەددامەوەن و هێزی زۆر باشی تێدایە، بەڵام کورد غەدریان لێدەکات، ئەوان لەو کاتەدا زۆر بێدەسەلات بون، وەك دەڵێت: " ئێستا ئەوان کەم دەسەڵاتن و یا دەسەڵاتیان لە دەستدا نییە، نازانین ئەگەر هاتنە سەرحوکم ئەوان دەسەڵات چۆن بەڕێوە دەبەن؟ و هیچ یەکێك لەو هێزانە کە ئێستا خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەبینن ئەگەر بەسەریەکەوە کاریان بە دەستەوەگرت یا بەتەنیا هاتنە سەر کار نەختێکیش لەو تاوانە گەورانە بکەن، کەتا ئێستا ڕژێمی پیاو کوژی سەددام بەرانبەر نەتەوەی کورد کردویەتی، ئەو هێزانە لەوانەیە دان نەنێن بە مەسەلەی کورد دا". دواتر کەمال فوئاد پێیوابوە ئەوان ناگەن بەو ئاستەی هاوشێوەی سەددام حوسێن تاوانی گەورە ئەنجام بدەن، هەروەها باسی لەوە کردوە لەو ساڵانەی ڕابردو باسی ئەوە کراوە بۆچی ئەو قسانەی لەسەر سەددام دەکرێن ئەو پرسیارانە لەسەر تورکیا و ئێران و سوریاش ناکرێت، ئەو هێرشانە دەکرێتە سەر عێراق بەڵام بەرانبەر بەوان هیچ دەنگ نییە، لەوێ بارودۆخی کورد چۆنە؟ کەمال فوئاد دێتە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە و لە وەڵامی ئەواندا دەڵێت:" ئەوە بوە کە کورد لە تورکیا و سوریا و ئێراندا دەچەوسێنەوە و بێبەشن لە مافەکان و هیچ مافێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریان نییە، بەڵام لە عێراقدا دوچاری شەڕی قڕکردن بونەتەوە"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٩)، ١٩٩٢/٧/٢٧، ٩٩).

هاوکات کەمال فوئاد لە درێژەی گفتوگۆکانیدا باسی ئەوە دەکات، کە ئەو تەلیسمی جیابونەوەیە دەشکێنن، تکای کردوە لەلای خۆیان و لەلای خەڵکیش نەترسن لە جیابونەوە، بەڵام بە پێویستی نەزانیوە بە بۆنە و بێ بۆنە داوای جیابونەوە بکرێت، هەرکاتێکیش ئەو پرسیارە کرا دەتوانرێت، وەڵامبدرێتەوە بەشێوەیەك کە کورد هەرکاتێك مافە نەتەوەیەکانی پارێزراو بو، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکرتی فیدراڵدا، ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ گیرا ئەوا ئێمە دەتوانین تێیدا بژین، پێوایە لەگەڵ عێراقێکی دیکتاتۆر و بکوژدا جگە لە جیابونەوە ڕێگا چارەیەکیتر نییە، پێویستە ئەو سیاسەتەی بەکار دەهێندرێت سیاسەتێك بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد دا بێت، ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ ئەو وڵاتانە ببنە پارێزگاری لەهەرێمی کوردستان و لەسەر حیسابی کوردی ئەو وڵاتانەش نەبێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٩)، ١٩٩٢/٧/٢٧، ١٠٠).

کەمال فوئاد پێیوا بوە لە لێکدانەوەی سیاسەت زۆرجار بەپێی بۆچون و تێگەیشتن و لێکدانەوەی کەسی بۆ ڕوداوەکان بڕیار دەدرێت، بەڵام ئەگەر بەڵگەی دروست هەبو ئەوکات شیکاری سیاسی بەهێزتر دەبێت و نمونەیەك لەو بارەیەوە دەهێنێتەوە و دەڵێت: "پار لە مانگی حوزەیراندا (واتە ساڵی ١٩٩١ بەپێی پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانی) کۆبونەوە بو لە ڤییەنا، هی هەندێك لە ڕۆشنبیرانی عەرەب بو، کە لە عێراق، سوریا، میسر و باکوری ئەفریقاوە هاتبون، لە ڕاستیدا ئاستی کۆنفرانسەکە زۆر بەرز بو، لەوکۆنفرانسەدا ئێوارەیەك بۆ مەسەلەی کورد تەرخانکرا بو، کە من قسەی تێدا بکەم، ئەو ئێوارەیە لە ڕۆژی یەکەم نەبو، یا دوەم یان سێهەم ئێوارە بو، بەڵام کە من سەیرم کرد ئەوانەی لەوێ دانیشتون خەڵکی ڕۆشنبیری عەرەبن، گەلێك لە پیاوی گەورە و یاساناس و سیاسییەکانی میسر لەوێ ئامادەبون، هەندێك بەڵگەشم پێگەیشتبو، لە بارەی هەڵوێستەوە لەلای حکومەتی عێراق بەباشم زانی پێشکەشیان بکەم، هەروەها بەقسە پێشکەشم کردن و ئەو شتانەی لە بەردەستم بون بۆم خوێندنەوە، ئەو بەڵگە نامانە بریتی بون لە تۆماری کۆبونەوەکانی نێوان بۆش و یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەوێ پاش ئەوەی من ئەو زانیاریانەم پێشکەش کردن، هەمو بەیەك دەنگ وتیان لەسەر ڕۆشنای ئەو زانیاریانەی کە ئێستا پێمان گەیشتوە، دەبێت ئێمە کۆنفرانسەکەمان سەر لە نوێ بەستینەوە، چونکە ئەو قسانەی کەکردمان هەموی تەخمینات بو، بەڵام ئێستا بەڵگەمان لەبەردەستدایە، پێویستە سیاسەتەکەمان لەسەر ئەو بناغەیە دابمەزرێنین، بەکورتی بەڵگەکانیش ئەوە بون کەوا سیاسەتی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا بەهیچ جۆرێك و هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامادەنین جارێکیتر پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ ڕژێمی عێراق دوبارە بکەنەوە، بەهیچ جۆرێك جارێکیتر یارمەتی نادەن بێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەهیچ جۆرێك هەتا سەددام لەسەر دەسەڵات بێت ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق هەڵناگیرێت و هەمو هەوڵێکیش دەدەن ئەو ڕژێمە هەرەس بهێنێت، یاداشتەکان زۆر دور و درێژ بون، ئینجا بۆ ئەوەی لە باسکردنی سیاسەتدا، ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین لە ڕوی شیکردنەوەی سیاسی لێکۆڵینەوەی سیاسی زانیارییەکانمان وەربگرین و لەسەر بناغەی واقیعی بڕیاری لەسەر بدەین"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(١٩)، ١٩٩٢/٧/٢٧، ١٠٠- ١٠١).

هەروەك کەمال فوئاد داوای ئەوەی لە ئەنجومەی وەزیران کردبو، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (i. n. c) ڕونترو بەهێزتر بکات بۆ ئەوەی ببێتە بەدیلی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق، بەوەش لە بەردەم ڕای گشتی جیهانیدا گرنگتردەبێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٤٤)، ١٩٩٣/٦/٢٢، ٢٤٢). باس لە یەکێك لەو شەوانەی ئەوکاتی کردوە کە ئەمریکا هێرشی کردبوە سەر حکومەتی عێراق، تێیدا ئاماژەی بەوە کردبو کە خەڵکی کوردستان ئاگاداری لێدانی ئەمریکا نەبون کە لە ٢٦\٢٥ /٦ ١٩٩٣ لە حکومەتی عێراقی داوە، ئەگەرنا دەیانکرد بەتەق و ترۆقی خۆشی، لەو ڕوانگەیەوە تەقەکردنی بەکارێکی ناشیرین داوەتە قەڵەم، کە بەهۆی ئەو لێدانەوە ناوەندی ئیستخباراتی عێراق کردبوە ئامانج، دیارە بەلای کەمال فوئادەوە ئەو لێدانە گرنگ بوە، پێیوابوە ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی هەبوە، هەمو درۆ و دەلەسەکانی حکومەتی عێراقی پوچەڵکردۆتەوە کە ڕایان گەیاندبو خەریکی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ ئەمریکا، لەلایەکیتر وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ئەوەشیان بەلاوەنا بو، کە وازیان لە حکومەتی عێراق هێنابێت و ڕێگە بدەن بگەڕێتەوە سەرشانۆی سیاسی و گەمارۆی ئابوری لەسەر لابدەن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٤٦)،١٩٩٣/٦/٢٧، ٣٠٨).

جگە لەوە کەمال فوئاد ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بەگرنگ وەسف کردوە، بەتایبەت ڕۆژنامەی (مؤتمر) کاتێك بڵاویان کردبوەوە، کەوا ڕژێمی عیراق دەستیکردوە بەدەرکردنی کوردەکان لە پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك،

پێویستە داوایان لێبکەن تاچ ڕادەیەك دەتوانن یارمەتیان بدەن؟(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ١، د.ژ(٢٢)، ١٩٩٣/١٢/١٢، ١٩٩)، کەمال فوئاد دیدی کوردی بۆ یەکگرتن و هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئۆپۆسیۆنی بە گرنگ بینیوە، بۆ ئەوەی گەلی کورد بەخواستەکانی خۆی بگات، چونکە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامانجیان ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بوە، تێڕوانینی کەمال فوئاد تێڕوانینێکی سیاسییانە بوە، لەپێناوی خزمەتکردنی گەلەکەیدا بەکاری هێناوە.

هاوکات کەمال فوئاد بەناوی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزەوە لەساڵی ١٩٩٥دا یاداشتێك ئاڕاستەی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانەکانی وڵاتان و گشت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتیە جیهانییەکان کردوە، لەو یاداشتەدا ئاماژەی داوە بە تاوانکارییەکانی ڕژێمی عێراق دەستی نەپاراستوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو ناو چانەی لە ژێر دەستی بوە، لە بەشێکیتری یاداشتەکەدا ئاماژەی بەدەرکردنی (١٤٠٠٠) چوارده‌هەزار خێزان کردوە کە لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و دەوروبەری لەزێدی باوك و باپیرانیان ڕاگوێزراون و دەرکراون، بۆیە لەیاداشتەکەدا داوای کردبو بەپێی بڕیاری (٦٨٨) عێراق ناچار بکرێت ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرێت (کوردستانی نویێ(ڕۆژنامە)، ژ ١٠٣٣، ١٢/ ٧/ ١٩٩٥، ١).

کەمال فوئاد لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ڕێکەوتی ١٦/ ٣/ ٢٠٠٣ باسی ئەو لێدوانەی جۆرج بۆشی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکات کە لە ٦/ ٣ هەمان ساڵدا لە کۆشکی سپی پێشکەشی کردبو، ئاماژەی بەوەدا بو کە لە عێراقی ئایندە فیدراڵی باشترین چارەسەرە، هەروەها ئەوە خرابوە ڕو کە کێشەکان لەڕێگای دیموکراتی و فیدراڵییەوە چارەسەر دەکرێن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ(١٩)،٢٠٠٣/٣/١٦، ٥٢٦).

کەمال فوئاد لەگەڕی دوەمی وەك سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٣٠)دا سێ تەوەری سەرەکی لە ڕاپۆرتی دەستپێکردنی بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژەیدا باسکردوە، لە بابەتی یەکەم باسی ئیدارەی کاتی عێراق کردوە کە لە هێزەکانی هاوپەیمان لە بەغدا پێکهات بو، باسی ئەویاسایانەیان کردوە کەلەلایەن ئیدارەی کاتییەوە دەردەچون، داوای کرد بو ئایا ئەو بڕیار و یاسایانە بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك جێبەجێ بکەن یاخود جارێکیتر بۆ بەردەم پەرلەمان بیان هێننەوە تا لە وێوە ئاڕاستەی هەردو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بکرێتەوە، دواتر دێتە سەر تەوەری دوەمی بابەتەکەی کە لەسەر ئەنجومەنی حوکم بوە، تێیدا هیوای سەرکەوتنی لە بوارەکانی ئاسایش و ئابوری و خزمەتگوزاری و دەرکردنی یاسای بۆ خواست بون، داواشی کرد بو لەو ئەنجومەنە ئەو یاسایانەی لەگەڵ باری ئێستای وڵات ناگونجێن هەڵوەشێنەوە، ئەویاسایانەشی کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سەردەم گونجاون کاریان لەسەر بکرێت، پاشان باسی ئەوەی کردوە کە چۆن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم ڕێکبخەن، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە بارەی فیدراڵییەوە بڕیاری لەسەردرا بو کاری لەسەر بکەن کە بۆ دەستوری عێراق بەسود بوە، هەتا داوای ئەوەی کرد بو ئەو پڕۆژەیە وەك خۆی لە ئەنجومەنی حوکم وەربگیرێت (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ(٣٠)،٢٠٠٣/٨/١٠، ٢٢٤- ٢٢٥)، هەروەك دواتر بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئەنجومەنی حوکم کردوە، جگە لەوەی هیوای سەرکەوتنی بۆخواستون، داوای عێراقێکی نوێ و خاوەن دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕینی کرد بو، دەقی پیرۆزبایەکەی بەدەستی خۆی دارشتۆتەوە لەژێر ڕۆشنایی وتوێژی دانیشتنی پێشوی پەرلەمان (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ(٣٢)،٢٠٠٣/٨/٢٧، ٢٤٩).

لە یەکێك لەدانیشتنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان کە سەرۆکایەتی کردوە، تایبەت بوە بەیادی دوانزە ساڵەی بڕیاری فیدراڵی بۆ عێراق و دو ساڵەی دەسپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەگرنگی بڕیاری پەسندکردنی فیدراڵی لە ٤/ ١٠/ ١٩٩٢ کردوە، وەك یەکێك لە بڕیارە مێژوییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی وێناکردوە، کە بەرهەمی خەباتی دور و درێژی نەتەوەکەمان لە قوربانیدان و ئەنفال و کیمیاباران بوە، پاشان لەو وتارە مێژوییەیدا باسی کارەسات و ماڵوێرانی هەشت ساڵی شەڕی ناوخۆ و دوبەرەکی کردوە، هەروەها فیدراڵی بەکارە هەرە لەپێشینەکانی پەرلەمانی کوردستانی دانابو، داواشی کردبو کە پەرلەمانی داهاتوی فیدراڵی لە عێراقی دیموکراسیدا مافی هەمو نەتەوەکان و مافی مرۆڤ و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بچەسپێنێت، پاشان ئەوەی خستۆتەڕو، ئەگەر دروشمی فیدراڵی لە پێشدا ئامانجی هێزێکی سیاسی بوبێت، ئەوا دوای بڕیاری پەرلەمان بۆتە هی هەمو خەڵکی کوردستان، پاشان باسی هەڵوێستی هێزە بەرهەڵستکارەکان(ئۆپۆزسیۆن)ی عێراقی کردوە، کە بە بەشداری کۆبونەوەی ئەو هێزانە بوە، ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبون بڕیاری فیدراڵی بدەن، کاتێك باسی فیدراڵیان کردوە زۆریان پێناخۆش بوە، بەڵام دوایی کە پەرلەمان بڕیاری لەبارەوە دابو ئەوان وتبویان کەوا ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرن، ئەوە بوە بنەمای کۆبونەوەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و لە پێش پرۆسەی ئازادی عێراق و دواتر لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی حوکم فیدراڵییەت بەرەو پێشەوەچوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ.(٤٩)، ٢٠٠٤/١٠/٥، ٣٠٤- ٣٠٥).

لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئاماژە بەئەندام بونی خۆی دەکات لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەبابەتێکی هەستیار کردوە کە مەسەلەی پارەی بلۆکراوی عێراقی کە بەهۆی شەڕی کەنداوەوە بلۆك کراوە لە ناو ئەو کۆنگرەیەدا داوای کردوە کە لەگەڵ وڵاتان بکەونە گفتوگۆ کە ئەو پارەیەی لەکار خراوە بەپارەیتر بۆیان بگۆڕنەوە کەلەلای خۆیان بەندیان کردوە و دەڵێت: "بەش بە حاڵی خۆم کە ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندنم لە (inc) واتە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی پێویستە زو پەیوەندی لەگەڵ سەران و لێپرسراوانی ئەو کۆنگرەیەدا بکەم بۆ ئەوەی بزانین ئەوان کە عێراقین وەکو حکومەتی جێگرەوە(بدیل) لە هەرێم لەو بارەوە بە پێویست دەزانن ئەو داخوازیانەی ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە کەداوا بکەین کە رصیدی عێراقی لێیە و ڕاگیراوە (تجمید) کراوە، کارێك بکەن بەرانبەر بەو ڕەسیدە بگۆڕنەوە"(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ ١، د.ژ.(٣٤)، ١٩٩٣/٥/٦، ٤٠٩).

جگە لەوەی کەمال فوئاد لەدانیشتنێکیتردا ئەوەی ڕونکردبۆوە کە ئەو وەزیری دارایی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی نییە، بەڵام دوای ئەوەی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەلاحەددین کۆبۆتەوە ئەو ئەرکانەیان دابەش کردوە، ئەوکاتەش کە بەرپرسی دارایی بوە بەر کەمال فوئاد کەوتوە، دوای تر هەوڵی داوە لێژنەیەك لە ئەندامانی هەردو نەتەوەی کورد و عەرەب دروست بکات، بۆ ئەوەی سەر پەرشتی دارایی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بکەن، هەر لەو کۆبونەوەیەدا کەمال فوئاد باسی هەلومەرجی دارایی ئەوکاتی هەرێم دەکات بە هۆی بەربەست بونی (٢٥) دیناری ئەوکاتی عێراقی، ڕژێمی عێراق ڕێگەی لە کورد گرتبو لەشارەکانی تری عێراق بتوانرێت بگۆڕدرێتەوە، چونکە عێراق بەچاوی وڵاتێکی بێگانە لە هەرێمی ڕوانیوە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ ١، د.ژ.(٣٥)،١٩٩٣/٥/٩، ٤٢٦). کەمال فوئاد وەك کەسایەتییەکی سیاسی کورد ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕەپانی سیاسیدا گێڕاوە، چ لە کاری دیپلۆماسی و چ لە بواری پەیوەندییەکان هەنگاوی باشی ناوە.

کەمال فوئاد وەك کەسایەتییەکی سیاسی هەمیشە بە ڕاشکاوانە قسەکانی کردوە، لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا باسی ئەوەیکردبو، کە خۆی و ڕۆژنوری شاوەیس بەشداری کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بون، باس لەوەکراوە کە خۆیان بپارێزن لە هەڵکردنی ئاڵای زەرد و سەوز، مەبەستی ئەو لەناوچە ئازادکراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوە، بەڵام لایەنگرانی ئەو دو حیزبە بێگوێدانە بۆچونی حیزبەکانیان ئەوکارەیان ئەنجامداوە، کەمال فوئاد ئەو کارە بەکولتوری سی چل ساڵەی بەعسی دانابو، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەوشتی خەڵك بگۆڕێت، بۆ ئەوەی ئەم کولتورە لە ناو ببرێت پێویستی بەوەیە کە هەوڵ و کۆششی زۆر هەبێت تا بتوانرێت شێوەی بیرکردنەوەی خەڵك بەئاڕاستەی بیرکردنەوەی دروست ببرێت، هەرکاتێك بیرکردنەوە گۆڕدرا ئەوکات بە ئاسانی کردارەکان دەگۆڕدرێن، بۆیە داوای کردبو پێویستە لە پێشدا شێوەی بیرکردنەوە و کاروکردەوەیان وەك یەکێتی و پارتی بگۆڕن ئەو کات لەهەوڵی ئەوەدابن خەڵك شێوەی بیرکردنەوە و کاروکردەوەیان بگۆڕن (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، خ گواستنەوە، د.ژ.(٢٢)،٢٠٠٣/٤/٢١، ٤٣).

**دەرئەنجام**

لەئەنجامی خوێندنەوەو خستنە ڕوی دیدو بۆچون و سەرنجی سەرچاوەکان و شیکردنەوەیان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

- 1 کەمال فوئاد بەهۆی دنیا بینی سیاسی و ڕوناکبیری بە عەقڵیەتی جیاواز لە پەرلەمان کاری لەسەر ئەو یاسا و بڕیارانە کردوە، کە لە پێناوی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردی دەرچون، لەگەڵ ئەوە بوە کە دامەزراوەکانی حکومەت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و سزای توندی تاوانباران بدرێت و چەك لەدەستی خەڵك بسەندرێت و بە دەستی حکومەتەوە بێت.

2 - دیدی کەمال فوئاد لەکاتی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان ئەوە بوە، کە ڕەچاوی لایەنی زمانەوانی ئەکادیمی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن لەسەر بنەمای ڕاست و دروستبن و شیکاری جیاواز هەڵنەگرن.

3 - لە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان ئەوە بەدیدەکرێت کەمال فوئاد وەك کەسایەتیەکی ئەکادیمی بەوردی لەسەر بنەمای زمانەوانی و ئەکادیمی لە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان وەستاوە، ڕونکردنەوەی لەسەر هەمو ئەو دەستەواژە و دەق و بڕگانە دەربڕیوە بۆ پەرلەمان کە بە کێماسی بینیون .

4 - کەمال فوئاد وەك کەسایەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی و پەرلەمانتارێك لەکاتی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان لە پەرلەمان ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەڵك و نەتەوەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی کردوە.

5 - وەك دەرئەنجامێکی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، کە دژی شەڕی ناوخۆ بوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوە دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان ڕۆڵی ئەرێنی خۆیان بگێڕن بۆ ئەوەی میللەتی کورد لە کارەساتی شەڕی براکوژی ڕزگار بکەن، هێمنیەکەی وایکردوە چ لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ چ لەسەردەمی خولی گواستنەوەی پەرلەمان ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت و لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژیەکان دا بوە.

6 - کەمال فوئاد دژی هەمو ئەو یاسایانە بو، کە بۆنی ڕەگەز پەرستی لێهاتوە، هەروەها لەگەڵ ئەوە بوە هەمو ئەو یاسایانەی دژ بەنەتەوەی کورد دەرکراون پەرلەمان هەڵیان وەشێنێتەوە.

7 - بەپێویستی زانیوە کاری ڕۆژنامەگەری ئازادبێت و لەپاڵ هەرسێ دەسەڵاتەکەیتر کاری خۆی ئەنجامبدات و وەك دەسەڵاتی چوارەم دەربکەوێت .

8 - لەهەوڵی ئەوەدا بوە ئەو یاسیانەی لە پەرلەمان دەردەچن بەشێوازی سەردەمیانە ڕێکبخرێن و لەگەڵ ئاستی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانی دنیا بگونجێن، هەرچەند ڕۆڵی ئەو لەو بڕیارانە و ئاڕاستەکردنی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی کارێکی ئەستەم بوە، چونکە نزمی ئاستی هۆشیاری و خراپی بارودۆخی ئابوری وایکردوە حکومەت نەتوانێ هەستێ بەجێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان، ئەوەش نیگەرانی زۆری بۆ پەرلەمان و لەناویشدا بۆ کەمال فوئاد دروست کردوە.

## لیستی سەرچاوەکان


ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی دەست پێك، ٤/ ٦/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم(خ.١)، دانیشتنی ژمارە"د.ژ" (٢) ١٠/ ٦/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣)، ١٥/ ٦/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٤)، ١٦/ ٦/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٨)، ٢/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ١٩/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٦)، ٢٠/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٧)، ٢٢/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٨)، ٢٦/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٩)، ٢٧/ ٧/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢١)، ١٠/ ٨/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢٦)، ٢٤/ ٨/ ١٩٩٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣٣)، ٥/ ٥/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣٤)، ٦/ ٥/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣٥)، ٩/ ٥/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣٦)، ١١/ ٥/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٤٣)، ١٥/ ٦/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٤٤)، ٢٢/ ٦/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٤٦)، ٢٧/ ٦/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١) نائاسایی، ٦/ ٧/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢)، خولی دوەم، ٢٨/ ٩/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣)، خولی دوەم، ٢٩/ ٩/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٥)، خولی دوەم، ٣/ ١٠/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٦)، خولی دوەم، ٤/ ١٠/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٧)، خولی دوەم، ٥/ ١٠/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٩)، خولی دوەم،١٠/ ١٠/ ١٩٩٣

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٩)،خولی دوەم، ١/ ١٢/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢١)،خولی دوەم، ٧/ ١٢/ ١٩٩٣.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم،دانیشتنی ژمارە (٢٢)،خولی دوەم، ١٢/ ١٢/ ١٩٩٣
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢٤)،خولی دوەم،١٤/ ١٢/ ١٩٩٣
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، ١٩/ ٧/ ١٩٩٤.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٢) نائاسایی، ١٦/ ٨/ ١٩٩٤.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣) نائاسایی، ٢٥/ ٨/ ١٩٩٤.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی کردنەوەی خولی دوەم، ٦/ ٩/ ١٩٩٤
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،خولی هەڵبژێردراوی یەکەم،دانیشتنی ژمارە (١٥)، خولی دوەم، ١٤/ ١٢/ ١٩٩٤
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (١٨)، ٢٧/ ٧/ ١٩٩٤.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٢)، ٢٠٠٢/١٠/٨.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٥)، ٢٠٠٢/١١/٥.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (١٧)، ٢٥ / ٢٠٠٣/٢.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (١٩)، ١٦ /٣/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (١٨)، ٢ / ٢٠٠٣/٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٢٠)، ١٩ /٣/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٢٢)، ٢١/ ٤/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٣٠)، ١٠/ ٨/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٣٢)، ٢٧/ ٨/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٣٦)، ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٣.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٤٩)، ٥/ ١٠/ ٢٠٠٤.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، خولی گواستنەوە، دانیشتنی ژمارە (٥٨)، ٧/ ٤/ ٢٠٠٥.
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،(١٩٩٧) پرۆتۆکۆڵەکان، خولی هەڵبژێردراوی یەکەم، بەرگی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، https://www.parliament.krd/، ١٤/ ٢/ ٢٠٢٥.
ئەحمەد، نەوزاد عەلی،(٢٠١٣)، بەشێك لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد (ئامادەکردن)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ئەحمەد،نەوزاد عەلی و کوردستانی نوێ (ئامادەکردن)، (٢٠١٥)،کەمال، چاپخانەی پیرەمێرد.
ئەحمەد،نەوزاد عەلی،(٢٠١٦)، وێستگەکانی ژیانی کەمال فوئاد.(لە حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، کەمال فوئاد پیاوێك لە یاقوت)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ژیان، هەولێر.
ئەسەسەردو ئەوانیتر،فەرید،(٢٩٢١)،ئینسکلۆپیدیای (ی.ن.ك)، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، چ٤، سلیمانی.
جەمال و موحەمەد، ئارام، دەریاز،(٢٠١٤)، سیستمی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپخانەی ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی.
جەوهەر،تارق،(٢٠١٦) کەمال فوئاد، پەیامبەری ئاشتی و کەماڵی پێکەوە ژیان و عیرفانی بو.(لە حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، کەمال فوئاد پیاوێك لە یاقوت)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ژیان، هەولێر.
شاویس،ڕۆژ نوری،(٢٠٢٤)، گەشتێك بە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.
عبداللە،نەجاتی، (٢٠١٦)، دکتۆر کەمال فوئاد سیاسەتوان و ئەکادیمی و پێشمەرگە (سلێمانی ١٩٣٢- بەرلین ١٥/ ١١/ ٢٠١٤، (لە حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، کەمال فوئاد پیاوێك لە یاقوت)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ژیان، هەولێر.
عوسمان،شەهاب،(٢٠١٦)، لە ڕیوڕەسمێکی شایستەدا د.کەمال فوئاد لە بەرلین بە خاك سپێردرا.(لە حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، کەمال فوئاد پیاوێك لە یاقوت)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ژیان، هەولێر.
مستەفا، نەوشیروان،(١٩٩٧)، لەکەناری دانوبەوە بۆخڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٨٧، لەندەن.

محمود، زاهۆ موحەمەد، (٢٠٠٣)دکتۆر کەمال بیرەوەرییەکانی شار تازە ئەکاتەوە، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٣٠).
هاوار، موحەمەد ڕەسول،(٢٠٠٧)، بیرەوەری، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.
کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژمارە (٩٩٦)، ٢٨/ ٥/ ١٩٩٥.
کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژمارە (١٠٣٣)، ١٢/ ٧/ ١٩٩٥.
کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژمارە (١٤٥٦)، ٣١/ ٨/ ١٩٩٧.
ڕەئوف،سەلام،(چاوپێکەوتن)، ١٩/ ٣/ ٢٠٢٥، سلێمانی.
ڕەشیدو موراد، سەلاح و عادل،(٢٠١٥/١١/١٥)،چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کەناڵی گەلی کوردستان، یەکەمین ساڵ ڕۆژی کۆچی دوای کەمال فوئاد، وەرگیراوە لە(ئەرشیفی جەمال لۆلۆ).
سابیر، موحەمەد، (چاوپێکەوتن)، ٤/ ٥/ ٢٠٢٥، سلێمانی.
مامە شێخ، عوسمان عەلی،(٢٠١٥/١١/١٥)، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی کەناڵی گەلی کوردستان، یەکەمین ساڵ ڕۆژی کۆچی دوای کەمال فوئاد، وەرگیراوە لە (ئەرشیفی جەمال لۆلۆ).